Article

IJOKS

**International Journal of Kurdish Studies**
(ISSN:2149-2751)
4 (2), pp. 534–561
http://www.ijoks.com

# Sherko Bekas's rebellion poetic language in the volume of: Now a girl is my country

***Mohammad Dler Amin Mohammad*[1]** ***Ahmad Mohammad Rashid Mira*[2]**

**Received**: Mar 07, 2018 **Reviewed**: Apr 07, 2018 **Accepted**: Apr15, 2018

## Abstract

Sherko Bekas holds a unique position in literature due to the contribution he has made to the poetry of Kurdish language. The research paper is an attempt to present "Sherko Bekas's rebellion poetic language in the volume of: Now a girl is my country". The researcher seeks to study a specific aspect of the volume in which he investigated how the poet used a different language in order to manifest and deliver his mission. Sherko Bekas used a particular language in this volume which is unique in terms of artistic images, tone of words as well as content and form. One of the great hallmarks of this volume is that the poet gives an outstanding role to the common words which are used daily in his community. To ensure that his mission is received, he did not take the barriers of language use into account and he used a form of language which goes parallel with that type of life fashion he wanted to create in this volume. In the volume "now a girl is my country", Sherko Bekas announced his revolt against the harsh realities of life in his country through using a "rich language" which allows him for much freedom in expressing his thought. In this paper we intend to make a detailed and comprehensive analysis of the idiosyncrasies of the rebellion language lies behind Sherko Bekas's language use in the volume.

**Keywords:** Rebellion, Poetic Language,Artistic Images, Barriers of Language, Lexical Word

**Recommended citation:**
Mohammad, M.D.A.& Mira, A.M.R., (2018). Sherko Bekas's rebellion poetic language in the volume of: Now a girl is my country. *International Journal of Kurdish Studies* 4 (2), 534–561.
doi: 10.21600/ ijoks.454477

[1] Professor Dr. Department of Kurdish Language/ College of Language/ Language & Humanities/ University of Sulaimani. Kurdistan Region - Iraq. E-mail:hamadler.muhammed@univsul.edu.iq
[2]Assistant Lecturer- Phd Student. Department of Kurdish Language/ College of Language/ Language & Humanities/ University of Sulaimani. Kurdistan Region - Iraq. E-mail:Ahmad.r.mira@gmail.com

# زمانی شیعریی یاخیبوون لە دیوانی (ئێستا کچێك نیشتمانمە) ی شێرکۆ بێکەسدا


پ.د.محەمەد دلێر ئەمین محەمەد
زانکۆی سلێمانی/ کۆلێژی زمان
بەشی کوردی

م.ی.ئەحمەد محەمەد ڕەشید میرە
زانکۆی سلێمانی/ کۆلێژی زمان
بەشی کوردی


**پێشەكی:**


ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (زمانی شیعریی یاخیبوون لە دیوانی ئێستا کچێك نیشتمانمە_ی شێرکۆ بێکەسدا)، لە تێزی دکتورای توێژەرەوە وەرگیراوە، کە بە پەیڕەوکردنی ڕێبازی توێژینەوەی وەسفیی شیکاریی، کاری تێدا کراوە. لەو ڕووەشەوە توێژینەوەکە بەسەر دوو بەشی سەرەکیدا دابەشکراوە، بەشی یەکەم بۆ (زمانی شیعریی یاخیبوونو تایبەتمەندییەکانی) تەرخانکراوە، کە توێژینەوەیە لە زمانی شیعریو دواتر دەستنیشانکردنی ئەو تایبەتمەندییە سەرەکییانەی، زمانی شیعریی یاخیبوونیان پێدەناسرێتەوە.

لە بەشی دووەمدا، جەخت لە زمانی شیعریی یاخیبوون لە دیوانی ئێستا کچێك نیشتمانمە_ی شێرکۆ بێکەسدا کراوەتەوە، لەو ڕوانگەیەشەوە، وێرای خستنەڕووی زمانی شیعریی لە ئەزموونی شیعریی شاعیردا، ئەوەی زیاتر جێگەی گرنگیی توێژینەوەکەیە، ڕەهەندەکانی زمانی شیعریی یاخیبوونە، کە پەیوەست بە دەقە شیعرییەکانی نێو دیوانەکەوە کاریان لەسەر کراوە، بەوەش لادانی زمانی لەپێناو بەرهەمهێنانو بەرجەستەکردنی بیری یاخیبووندا، بنەمای شیکردنەوەکان پێکدەهێنێت.

ئامانجی زانستیی توێژینەوەکە، ڕاڤەکردنی زمانی شیعریی یاخیبوونو خستنەڕووی ڕەهەندەکانیەتی بەشێوەیەکی زانستی لە دیوانەکەدا، سەرباری نیشاندانی ڕۆڵی لادانی زمانی لە گەیاندنی پەیامی یاخیبووندا لای شاعیر.


**1/1چەمكو پێناسەو تایبەتمەندییەكانی زمانی شیعریی**

هەموو دیاردەیەکی ئەدەبی، زمانێکی تایبەت بە خۆی هەیە، کە لە چۆنێتیی هەڵبژاردنی وشەکانو چۆنێتیی بەکارهێنانیانو هێنانی ناوو کەرەستەکانی تردا، جیاوازە لە زمانی ئاسایی. لە بنەڕەتدا زمانی دەقی ئەدەبی، نامۆکردنی وشەکانە لەچاو بەکارهێنانی هەمان ئەو وشانەدا لە کاتی گفتوگۆکردنی ئاسایی نێوان مرۆڤەکان. شاعیرو کەسێکی ئاسایی، هەر هەمان وشە

بەکاردێنن، بەڵام جیاوازییەکە کاتێك دروستدەبێت، کە شاعیر لە کاتی بەکارهێنانی وشەکاندا دەیانخاتە بارێکی (نامۆبوون)ەوە.
ئاڵوگۆڕی زمان لە دۆخی ئاساییەوە بۆ دۆخی نامۆبوون، سیستەمی تایبەت بە خۆی هەیە. لێرەدا ئەوەی گرنگە ئەوەیە، شاعیر چۆن دەیڵێت، نەك ئەوەی چی دەڵێت.

گۆڕینی زمانی باو خۆی بۆ خۆی، یاخیبوونێکی کۆمەڵایەتییە، ئەدەبی بەرز هەمیشە نامۆبوونی تێدایەو ئەدەبێکە شتێکی ئاسایی وەك مەتەڵ لێدەکات، وا دەکات گەڕان بە دوای واتادا بوونی هەبێت، وەك سیمبۆلیزمەکان باسیدەکەن (زمان هۆیە بۆ دەربڕینی ئامانجێکی بەرز، کە هەڵگری بیرێکی بەرزو ڕەهایە، یاخود وەك زمانەوانی/ زمانەوانانی (چیك)ی باسیدەکەن، لادان لە زمانی ئاساییو هەوڵی هێنانەکایەی شیعری (ئەدەبی)یە)[i].

بێگومان ئەگەر زمانی دەقی ئەدەبی، جیاوازتر نەبووایا لە زمانی ئاسایی، ئەوا هەموو کەسێك دەبوو بە شاعیر، بەڵام تایبەتمەندییەکانی زمانی شیعریی وادەکەن، کە جیاوازیی زۆرو قووڵ لەم بوارەدا دروستببێت، چونکە نامۆکردنی وشەکان لای شاعیر، جادوویەکی تایبەتی پێدەبەخشێت، ئەمەش لە توانای ڕێکخستنی وشەکانو بارگاویکردنیان بە هەستو سۆزو بیری تایبەتیی شاعیرەوە سەرچاوە دەگرێتو کاری خۆی دەکات. ئەمەش دۆخێکە تایبەتە بە شاعیرەکانو قسەکەری ئاسایی ئەو توانایەی نییە، "تەنها شاعیرەکان نەبێت دەتوانن مانای نوێ ببەخشنو لە پشت هەر وشەیەك چەندین واتاو چەمكو مەبەست چڕبکەنەوە، چونکە زمان هۆکارێك نییە بۆ گەیاندنی دالەکان، بەڵکو لەسەر مەدلوولەکانیش کاردەکاتو دەیەوێت لە سیاقی پێکهاتەی دەقدا جێگەی بکاتەوە، کە قەسیدە لەسەر ئەم بنەمایە لە ئەفسانەوە نزیکە، ئەفسانە وەك پێکهاتەیەکی بیری بەرایی، کار لەسەر گەڕان بەدوای مانادا دەکات، نەك ئەوەی سەرقاڵی دۆزینەوەی مانا بێت، جگە لەوەش زمانی ئەدەبی، زمانێکی تایبەتییە، هەر لەبەر ئەمەشە هونەری بەکارهێنانی تەنها لە دەست ئەو کەسانە دەبێت کە بەهرەی نووسینو شاعیریەتیان تێدایە. زمان سیستمێکە لە نیشانە (sign) ەکان پێکهاتووە، هەر کام لە ئێمە لە ڕێگەی بەکارهێنانی تایبەتی زمانەوە، واتە لە گوتاردا کۆمەڵە نیشانەیەك هەڵدەبژێرینو لە بەشێك لە تواناکانی زمان کەڵك وەردەگرینو شێوەیەك وتەی تاکە کەس یان شێوەی تایبەت بە خۆمان دەخوڵقێنین "[ii].

هەموو نیشانەیەك واتای خۆی لەو جێگەیەوە، کە لە تۆڕێکی پەیوەندیدا هەیەتی، پەیدادەکات، کە هەم بە ئاسۆییو هەم بە ستوونی لە تێکستەکەدا هەیە، (ڕۆلان بارت) پێیوایە واتا لە کۆتایی گێڕانەوەکەدا نییە، بەڵکو لە بەزاندنی سنوورەکانیدایە، مەبەستی بارت لەم مۆدێلەدا ئەوەیە، کە هەموو ڕەگەزەکانی تێکستەکە هەریەکەو بەدەوری خۆیو هەمووی بەیەکەوە واتای

کۆکراوە دێننەکایەوەو هەروەها دەڵێت: "لە تێکستدا هیچ شتێك لەناکاو یان ڕێککەوت نییە، هونەر سیستمێکە ڕێگە بە شتی زیادەو لەناکاو نادات‌و ئەمانەشی تێدا نییە"[iii].

دەبێت ئەو ڕاستییە بزانین، کە نیشانە بەهایەکی گەورەی لە زماندا هەیە، دواجاریش وەك زانستێك مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، تەنانەت لەچاو بونیادگەریدا بە بنەڕەتیتر دادەنرێت تا ئەو ڕادەیەی هەموو بونیادگەری، لەچوارچێوەی (زانستی نیشانە)دا دەسوڕێتەوە. لێرەدا دەبێت هەردوو ئاستی سینتاگمی‌و پارادیگمی ڕوونبکەینەوە بۆئەوەی ئەو گۆڕانە دەربخەین، کە لە ئاستی ستوونی‌و ئاسۆیی بەکارهێنانی وشەکاندا لەناو ئاخاوتن‌و دەقی ئەدەبیدا، دەردەکەون.[iv]

<u>هەڵبژاردە</u>

| پارادیگما | ژنەکە | | بەهێواشی | بۆ داڵانەکە |
|---|---|---|---|---|
| | | هات | بەدەم زەوی پاککردنەوەوە | بۆناو هۆڵەکە |
| | کۆترە خنجیلانەکە | | بە شەقەی باڵ | بۆ ناو ژیانی من |

سینتاگمی_ ئاسۆیی_ لێکدان

لادان لە زماندا یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی زمانی شیعری‌و ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە دروستکردنی ئەو نامۆییە پێویستەی، کە دەبێت لە زمانی شیعریدا بوونی هەبێت، هەروەها یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی دروستکردنی زمانی شیعری‌و دەبێتە یەکێك لە خاڵە جیاکەرەوەکانی نێوان زمانی شیعرو زمانی ئاسایی خەڵکی تر. "بەر لە هەموو شتێك لادان پەیوەستە بە چەمکە شێوازی‌و ڕەخنەیی‌و زمانەوانی‌و ڕەوانبێژییەکانەوە، (کۆهین)، کە ڕەخنەگرێکی پرۆفیشناڵی لادانە، دەڵێت شیعرییەت بەبێ لادان، کارێکی لاسەنگە، بەوپێیەی شیعرییەت پشت بە لادانی زمانی‌و دەربڕینەکان دەبەستێت. لە هەمانکاتیشدا شیعرییەت خۆی لە زمان‌و دەربڕینە ئاڵۆزو تەمومژاوییەکاندا دەبینێتەوە، کە لادان فاکتەرێکی هەرە سەرەکیی ئەم پرۆسە ئاڵۆزەیە. هەروەها لادان بە کاری گواستنەوەی بونیادە سادەکان بۆ بونیادە قووڵەکان هەڵدەستێت. هەر لەبەر ئەمەش لادان دەتوانێت دەستنیشانی جوانییە ئیستاتیکی‌و دەربڕینەکانی دەق بکات‌و لێرەشەوە جیاوازییەکان لەنێوان دەقێکی ئۆرجیناڵ‌و نائۆرجیناڵ بەدەردەکەون"[v].

ئەم لادانە زمانییەش لە ئەنجامی کاردانەوە دەروونییەکانی شاعیرەوە بەرامبەر بە ڕووداوە کۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌و ئابوورییەکان‌و ژینگەی دەوروبەری دروستدەبێت، زۆرجاریش شاعیر کاتێك ئەم کارە ئەنجامدەدات، یان مەبەستی ئەوەیە لەم ڕێگەیەوە سەرنجی خوێنەر ڕابکێشێت، یاخود دەیەوێت خوێنەر بەرەو ئاڕاستەی واتا قووڵەکانی دەقەکە بەرێت، ئەم لادانە لە

هەموو ئاستەکانی زماندا ڕوودەدات، هەر لە ئاستی دەنگەوە تا دەگاتە ئاستی واتا. واتە دەگونجێت لادانەکە لە ئاستی (دەنگـو وشەو ڕستەو واتا) دا دروستببێت. بەشێوەیەکی گشتی، دوو جۆر لادانی زمانی دیاریدەکرێن، کە بریتین لە:

یەکەم/ لادانی دەرەکی: بریتییە لە بەیەکگەیشتنی شیعرو پەخشان، بەوپێیەی هەردووکیان خاوەنی یەك پرۆژەی کارنامەیین .

دووەم/ لادانی لۆژیکی: بریتییە لە جێگۆڕکێی وشەیی، یان هاتنی وشەی نامۆو تازە، کە پێویستە لە ڕێگەی پێوەرێکی لۆجیکیی جیهانیی هەستیارییەوە بێت، بەپێچەوانەوە لادانەکە بە نێگەتیڤی دەمێنێتەوەو لە کارنامە ئیستاتیکیو دەربڕینە واتاییەکان دووردەکەوێتەوە. وشە نامۆکان، گەرچی لەسەرەتادا تووشی ئارگومێنت دەبێتو تێکڕای خوێنەر وەك پێویست مامەڵەی لەگەڵدا ناکات، بەڵام دواتر پێدەنێتە قۆناغی پرۆسەیەکی ئاسایی سەربەخۆوە. ئەمەش لەو کاتانەدا سەرکەوتن بەدەستدەهێنێت، کە وشەکان توانای کارنامەیی کاریگەریو پەیوەندیو ڕوونکردنەوەیی ببینێت .

یەکێك لە پێوانە سەرەکییەکانی دەقێکی باڵای ئەدەبی، بریتییە لە زمانێکی ئەدەبیی باڵا. بۆئەوەی پایەی شاعیرێکی مەزن دیاریبکەین، دەبێت لەسەر زمانی دەقەکانی بوەستینو ئاستی بەکارهێنانو دەوڵەمەندیی فەرهەنگەکەی بخەینەڕوو، ئەم گرنگیدانەش بە زمانی دەق، بە قووڵیی پەیوەندیی نێوان بیری نووسەرو زمانی نووسینی نووسەرەوە پەیوەستە، هەمیشە ئەوانەی خاوەنی بیرێکی باڵان، دەبێت خاوەنی زمانێکی باڵای دەربڕینو نووسین بن، ئەم باڵادەستییە لە نووسیندا کاتێك دێتەدی، نووسەر، یاخود ئەدیب توانای تەواوەتی هەبێت بەسەر هەموو ئاستەکانی ڕێزمانو فەرهەنگی زمانی نووسینی دەقەکانیدا، دواجاریش دەقی ئەدەبی، هەر بۆخۆی لە بنەڕەتدا زمانە، واتە زمان پێکهێنەری دەقو دەربڕی بیری نووسەری دەقەکەشە.

زمان بە هەموو ئاستو پێکهێنەرەکانییەوە لە دەنگەوە تا ئاستی داڕشتنو پێکهاتنو واتاکانی، ئەو شتانەن، کە شاعیر گەورەدەکەن لە هەموو ئەو شتانەی هەستیان پێدەکاتو دەیاننوسێت. بەشێوەیەکی گشتی، زمان بونیادی دەرەکیی دەقو ڕەنگدانەوەی بیری دەقەکەیە، هەربۆیەش پێویستە ئەو بونیادە دەرەکییەی دەق، بە تەواوەتی بتوانێت ڕەنگدەرەوەی بیری دەقەکە بێتو توانای دەربڕینی هەموو ڕاستییەکانی هەبێتو بەشێوەیەکی ڕاستگۆیانەو زیندووانە، گوزارشتیان لێبکات.[vi]

نابێت زمانی دەق لە گەیاندنی هەستو نەستو باری دەروونیو بیری شاعیردا لاوازو کەمتوانا بێت، بەڵکو پێویستە زۆر بە گونجاویو تەندروستی، ویژدانو خەیاڵی شاعیر وەك خۆی بگەیەنێت، شاعیری بەتوانا ئەوەیە لەم بوارەدا بەهرەمەندیی خۆی بخاتەڕوو، تەنگەبەری بەکارهێنانی زمان بۆ دەربڕینی خەیاڵو ویژدانی خۆی تێپەڕێنێتو ڕێگەنەدات ئەو گرفتانەی پێکهاتەکانی زمان بۆی دروستدەکەن، ببنە گرفت لەبەردەم گەیاندنی بیری دەقەکەدا، ئەمەش بەو توانا داهێنەرانە دێتەدی، کە شاعیر لە بواری مامەڵەکردن لەگەڵ زماندا هەیەتیو دەتوانێت ئەو گەمارۆ زمانییەی سەر دەقەکەی بشکێنێت، هەروەها دەبێت هەموو کۆدە کۆمەڵایەتیو ئایینیو سیاسییەکانی ژینگەکەی بشکێنێت، تا بە ئەوپەڕی تواناو کراوەییەوە بیرەکانی خۆی بگەیەنێت، ئەمەش وەك

دەردەکەوێت کارکردنی شاعیرە لەسەر هەردوو ئاستی واتاو ڕێزمان لە دەقەکەیداو تێپەڕاندنی ئەو ڕێسا کۆمەڵایەتییانەیە، کە زمانی باو بۆ شاعیری دروستدەکەن‌و ڕێگەنادات کۆسپەکانی زمان ببنە ڕێگر لەبەردەم دەربڕینی بیرو هەستی خۆیدا (شاعیر وەك باڵندەیەکی ئازادە، لە ئاسمانی ئەندێشەدا بە ویستی خۆی دەفڕێت‌و ئازادی بۆ هونەرەکەی دروست دەکات، ڕێگەنادات کۆسپەکانی زمان پابەندی بکەن‌و سنوری بۆ دابنێن‌و نابێت لە کاتی هۆنینەوەی شیعردا بیر لە ڕێگرییە زمانەوانییەکان بکاتەوە، جگە لەو کاتانە نەبێت، کە ئەو کۆسپانە یارمەتیدەری دەبن بۆئەوەی خزمەتی کارە هونەرییەکەی بکەن)[vii].

لەلایەکی دیکەوە دەبێت لە بابەتی (زمانی دەق)دا لەسەر بابەتی (واتا) بوەستین، کە پایەیەکی گرنگی زمانی دەقی ئەدەبی دروستدەکات‌و پەیوەندییەکی زۆری بە زمانی شیعریی یاخیبوونەوە هەیە، بەو پێوانەیەی ئەمجۆرە زمانە ئەوەندەی لەگەڵ واتای دەقدا مامەڵەدەکات، ئەوەندە لەگەڵ پێکهاتە ڕێزمانییەکانی دەقدا مامەڵەناکات. ئەمەش بەو واتایە نایەت، کە زمانی شیعریی یاخیبوون جەخت لەسەر دەنگ‌و وشەو سیستەمی زمانەکە ناکات، بەڵکو بەو واتایە دێت، کە لە زمانی شیعریی یاخیبووندا، زیاتر ڕەهەندی (واتا)کە لەبەرچاودەگیرێت‌و کاری لەسەر دەکرێت. لێرەشدا چەمکێکی گرنگ کاری پێدەکرێت، ئەویش چەمکی (میتا_واتا)یە، چونکە ئەم چەمکە ڕۆڵێکی گرنك لەم بوارەدا دەگێڕێت، (میتا_واتا تاڕادەیەکی باش ڕۆڵی هاوسەنگی بابەتی دەبینێت‌و توانای تێکشکانی بەربەستە کلاسیکییەکانی هەیە. واتە گەر بە شێوە کلاسیکییەکان کار لەسەر دەقێکی شیعری بکرێت‌و دەقەکە کۆن بێت یان تازە، ئەوا خوێنەرەکە تەنها خۆی دەبەستێتەوە بە سیاقی دەقەکەوە لە ڕووە ئاشکراکەیەوە، نەك قووڵەکەی. بەمەش دەقەکە پێدەنێتە قۆناغی خوێندنەوە مێژووییەکان، کە لە زۆر حاڵەتدا پاڵەوانی سەرەکیی بابەتێکی دیاریکراوە، یان خاوەن دەقەکەیە. ئەمە گەرچی پێویستییەکی گێڕانەوەییە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا ترازاندنیشە لە مانای ماناکان‌و ئێمەی وەرگر دووردەخاتەوە لە ڕاستییەکانی دەق. سیستمی میتا_واتایی، دوو ئەرکی سەرەکی دەبینێت:

یەکەمیان: پاراستنی کەسێتیی نەسقە دەقییەکان.

دووەمیان: بەردەوامبوونی مانای نەسقەکان‌و نەبەستنەوەیان بە مانایەکی چەقبەستووی دیاریکراوەوە. بەمەش چەندین مەسەلەو کێشەی هەڵواسراو چارەسەردەکرێن. ئەم دوو ئەرکەش، دوو ئەنجامی سەرەکی لە ئەستۆ دەگرن:

1. دەستنیشانکردنی توانا ڕۆشنبیری‌و مەعریفی‌و بیری‌و هونەرییەکانی دەق‌و خاوەنەکەی.

2. قایلکردنی وەرگرو خوێنەر بە پرۆسەی مانای دەق، هەر خوێنەرەو بەپێی ئاستی جۆری بیرکردنەوەکەی وەریدەگرێت.

لەپێناو بەدەستهێنانی ماناکان لە ماناکەیدا، میتا_واتا مامەڵە لەگەڵ دوو جۆر لە فۆرمدا دەکات:

ا. فۆرمی بنەما سەرەکی‌و گشتییەکانی دەق، واتە بەچوارچێوەکردنی هێڵە سەرەکییەکانی دەق.

ب. بەگەڕخستن‌و گواستنەوەی مانا سەرەتایی‌و گشتییەکان بۆ مانا وردو جۆراوجۆرەکان)[viii].

ئەو ڕەهەندەی زمان، کە پێویستە بۆ تێگەیشتنو ڕاڤەکردنی زمانی شیعریی یاخیبوون، ڕەهەندێکی ڕێزمانییە، یاخود ڕەهەندێکی واتاییە، یاخود هەردوو لایەنی (واتاو ڕێزمان) لە دەرخستنی تایبەتمەندییەکانی ئەو جۆرە زمانەدا گرنگن. بێگومان لە دۆخێکی لەو جۆرەدا ڕەهەندی واتایی گرنگترەو زیاتر دەتوانێت مەبەستی دیاریکراو بهێنێتەدی، بەڵام نابێت لایەنی ڕێزمانی لە زمانی شیعریی یاخیبووندا فەرامۆشبکرێتو بەهاکەی نادیدە وەربگیرێت، چونکە ئەم لایەنەش تا ئەندازەیەك ڕۆڵی هەیە لە دروستکردنو بونیادنانی زمانی شیعریی یاخیبووندا. هەرچەندە لە کۆنەوە پرسیارێکی گرنگ لەئارادایە، ئەویش ئەوەیە، ئایا دەتوانین لەڕێی ڕێزمانی دەقێکی ئەدەبییەوە، لە بیری شاعیر، یاخود نووسەرەکە تێبگەین؟

سەرەڕای گرنگیی بەها ڕێزمانییەکانی دەق، بەڵام بۆ ڕاڤەکردنی بیری نووسەر، یان شاعیر، زیاتر دەبێت پشت بە لایەنی واتایی ئەو وشەو دەنگو ڕستانە ببەستین، کە بەپێی بنەما ڕێزمانییەکان پێکهاتوون. ئەمە سەرەڕای ئەو پەیوەندییە قووڵەی لەنێوان ڕێزمانو واتادا لە دەقی ئەدەبیدا هەیە، چونکە بەرهەمهێنانی واتا لە دەقی ئەدەبیدا، لەسەر چوار خاڵ وەستاوە:

1. ڕاڤەکردنی چوارچێوە (سیاق)ی دەنگیو وشەسازیو ڕستەسازیو فەرهەنگی.
2. دیاریکردنی کەسایەتیی قسەکەرو گوێگرو بارودۆخی وتنی قسەکە.
3. دیاریکردنی جۆری ئەرکی قسەکە.
4. دیاریکردنی کاریگەریی قسەکە[ix].

زمانی شیعریی، یەکێکە لەو بنەما گرنگانەی، ڕاڤەکارانی دەقی ئەدەبیو ڕەخنەگران زۆر بە گرنگییەوە لەسەری دەوەستنو بەهۆیەوە دەتوانن دیوە شاراوەکانی دەقەکە دیارییکەن، ئەم گرنگیدانەش بە زمانی دەق تا ئەو ئاستە دەڕوات، کە شێوازگەرەکان لەمبارەیەوە ئەو پرسیارە گرنگە بکەن، "ئایا باری دەروونیی نووسەرێکی دیاریکراو لەڕێی زمانی تایبەتیی دەقەکەیەوە دیاریدەکرێت، یاخود نا؟ بێگومان وەڵامەکەی ئەوەیە، بەپێی شێوازی بەکارهێنانی جۆری زمانەکەی، دەتوانین مامەڵەی لەگەڵدا بکەین.

لەلایەکی ترەوە ئەو پەیوەندییە قووڵەی لەنێوان زمانو باری دەروونیی نووسەردا هەیە، دەگەڕێتەوە بۆئەوەی یەکەم بەریەککەوتنی نووسەر لەگەڵ کردەی نوسینەکەیدا، زمانە. وەك عزەدین أسماعیل لە کتێبی (الشعر العربي المعاصر، قضاياه و ظواهر الفنية و المعنوية) دا دەڵێت: "لە هەموو کارێکی هونەریدا، زمان یەکەمین دیاردەیە، کە وشە وەك هۆکارێك بۆ دەربڕین تێیدا بەکاردێت "[x] .

واتە باری دەروونیی شاعیرو نوسەر، ڕۆڵێکی گەورە لە هەڵبژاردنی وشەو زاراوەکانو چۆنێتیی ڕێکخستنو بەکارهێنانیاندا دەگێڕن، چۆنێتیی هەڵبژاردنی دەنگو هێزی وشەکانو بەخشینی واتای جوانو ناشیرین بە زمانەکە، چونکە لە بنەڕەتدا

سەرچاوەی زمانی ئاساییو زمانی ئەدەبی، هەر ئەو وشەو دەنگانەن، کە هەموومان بەکاریاندەهێنین، بەڵام کاتێك دەچنە چوارچێوەی دەقی ئەدەبییەوە، گۆڕانکارییان بەسەردا دێت. شاعیر دەتوانێت بەهۆیانەوە جوانیو ناسکی، یاخود تووڕەییو ڕقلێبوونەوە دەرببڕێت، یان دەتوانێت بەهۆیانەوە خۆڕادەستبکاتو ببێتە شاعیرێکی دەربار، یاخود خۆی بکاتە شاعیرێکی یاخیو نارازی.

سەرەڕای باسکردن لە بەهای واتا لە زمانی شیعریدا، دەبێت لایەنی هونەریی دەقەکەش بەهەندوەرگرین، بەتایبەت بابەتی ڕەوانبێژی لە دەقی شیعریدا، کە بەدرێژایی مێژووی ئەدەبی جیهانی، ڕەخنەگران پێوەی سەرقاڵبوونو کاری قووڵو گەورەیان لەبارەیەوە کردووە. هەرچەندە هەندێك لە زاناکان پێیان وایە بابەتی ڕەوانبێژی لە دەقی ئەدەبیدا گرنگیی ئەوتۆی نییەو ئەرکەکەی تەنها لە ڕازاندنەوەی دەقە ئەدەبییەکەدا چڕدەبێتەوە. (مالارمێ) دەڵێت: "وێنە ڕەوانبێژییەکان ئەوانەی کە زۆر جار دەورێکی ئارایشتی لە سیستەمی زماندا دەبینێت، وا دیارە هیچ دەورێکی نییە تەنها بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەستێك نەبێت لەوەشدا وەك نیشاندانی خشڵێك وایە، کە بابەتی گوتار دەتوانێت لێیگەڕێتو کارییێنەکات"[xi].

ئەم بۆچوونە کەموکورتی تێدایە، چونکە ئەرکی ڕەوانبێژی لە دەقی ئەدەبیدا لەپاڵ ئەرکە هونەرییەکەیدا، ئەرکێکی واتایی هەیەو بەشدارییەکی بەردەوامی لە بونیادنانی واتای دەقدا هەیە، لەمبارەیەوە ئەرکی ڕەوانبێژی ئەوەندە گرنگو کاریگەرە، وا دادەنرێت، ئەگەر کەسێك شارەزایی لە ڕەوانبێژیدا نەبێت، بێگومان ناتوانێت لە واتای دەقە ئەدەبییەکە بگات. بوونی ڕەوانبێژی لە هەر زمانو دەقێکی ئەدەبیدا، دەرخستنی بونیادی قووڵی زمانو دەقە ئەدەبییەکەیە، چونکە وەك چۆن هەموو زمانێك بونیادی ڕووکەشو قووڵی هەیە، بە هەمان شێوەش هەموو دەقێکی ئەدەبی، بونیادی ڕووکەشو قووڵی هەیە، کە ڕەوانبێژی دەکەوێتە بونیادە قووڵەکەی دەقەوە. دەبێت لێرەدا ڕاستییەکی زانستی دەربارەی زمان لەبەرچاو بگرین، ئەویش ئەوەیە، کە:

١- هەموو زمانێك بونیادێکی ڕووکەشو بونیادێکی قووڵی زمانی هەیە.

٢- لە هەموو زمانێکدا، چەمکی گواستنەوەیی لە بونیادی ڕووکەشەوە بۆ بونیادی قووڵ بوونی هەیە[xii].

لەناو ئەدەبیاتی گەلانی ڕۆژهەڵاتدا بەتایبەتی لە ئەدەبیاتی عەرەبیو فارسیدا، گرنگییەکی زۆر بە بابەتی ڕەوانبێژی لەناو دەقی شیعریدا دراوە، فێربوونی ئەم زانستەش، وەك یەکێك لە مەرجە بنەڕەتییەکانی فێربوونی زانستە ئیسلامییەکان دانراوەو پایەی شیعرو زمانی شیعریی، زۆر بەرز نرخێنراوەو "خودی شیعر پلەیەکی باڵایە لەناو زمان خۆیدا لە دوای قسەی خوداو پێغەمبەران دێتو لەسەروو هەموو وتنو قسەیەکەوەیە، ئەمەش بەهۆی بوونی ئەو ڕەوانبێژییەی تێیدایەتی، لەناو عەرەبدا دوو پلەی قسەکردن هەیە، باڵاکەیان ئەوەیە ڕەوانبێژیو کێشو سەروای تێدایە، ئاستی خوارەوەشی، ئەو زمانەیە، خاڵییە لە ڕەوانبێژیو ئاستی هونەری"[xiii].

وەك پێشتر وتمان، زمان نامانگەیەنێتە ڕاستی لەناو دەقدا، وەك (رومان جاكۆبسن) دەڵێت: "بەهۆی زمانەوە ناگەینە ڕاستی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زمان كەرەستەی بونیادنانی دەقە"[xiv].

بە كورتی دەتوانین ئاماژە بۆ ئەوە بكەین، كە وشەو دەنگ، وێنە، ئاماژەو جوڵەكان، تەنانەت بارودۆخی شاعیر وەك بێدەنگی، هاواركردن، پێكەنین، هەژاریو دەوڵەمەندی، خوێندەواریو نەخوێندەواری،....هتد، هەموو ئەمانە، كاریگەریی قووڵیان لەسەر زمانی شیعریو چۆنێتیی دەربڕینو نووسینو پابەندبوونو یاخیبوونی شاعیر هەیە.

**2/1 تایبەتمەندییەكانی زمانی شیعریی یاخیبوون**

كارێكی زانستیی ئێجگار گرانە بتوانین بە تەواوەتی تایبەتمەندییەكانی زمانی شیعریی یاخیبوون دیاریبكەین. ئەگەر خودی (زمان) وەك دیاردەیەكی كۆمەڵایەتی، تا ئێستا پێناسەی جۆراوجۆری بۆ بكرێتو هەر زانایەو لەڕوانگەی خۆیەوە بیەوێت بیناسێنێت، ناساندنی دەروونناسێك زۆر جیاوازترە لە ناساندنی خودی زمانەوانەكان بۆ زمان، چونكە هەریەكەیان پێوانەو بنەمای زانستیی خۆیان هەیە بۆ ناساندنی زمانو دیاریكردنی ئەركو چۆنێتیی كاركردنو تەنانەت چۆنێتیی پەیدابوونیشی.

لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین بەشێوەیەكی گشتی، چەند خاسیەتو تایبەتمەندییەكی ئەم جۆرە زمانە لێرەدا بخەینەڕوو، بۆئەوەی لە كاتی دیاریكردنی زمانی شیعریی یاخیبوون لە دیوانی (ئێستا كچێك نیشتمانمە)ی شێركۆ بێكەسدا، یارمەتیدەرێكی زانستی بێت. دیارترین ئەو ڕەهەندو خاسیەتو تایبەتمەندییانەی لەمجۆرە زمانەدا هەن، بریتین لە:

**یەكەم: زمانی شیعریی یاخیبوون وەك كردەیەكی دەروونیو كۆمەڵایەتی**

زمانی شیعریی یاخیبوون ڕاستەوخۆ دەچێتە ناو چوارچێوەی زمانی كۆمەڵایەتیو زمانی دەروونناسییەوە، لەبەرئەوەی كردەی یاخیبوون، كردەیەكی دەروونیو كۆمەڵایەتییە، پێش ئەوەی كردەیەكی زمانەوانیی ڕووت بێت. "زانستی دەروونناسی لە زمان دەكۆڵێتەوە، بەوپێیەی ڕووداوێكی جوڵاوو گۆڕانی دەروونییە processus، زانای دەروونناسی، گرنگیدەدات بە زانینی ناوەخنی "الضمنية mise enoeuve لەلای تاكی قسەكەرو گرنگیدەدات بە بەجێگەیاندنی كرداری زمان لای تاكو ڕاڤەكردنی وتەكان لە بارودۆخی حەقیقیدا"[xv].

**دووەم: بەكارهێنانی هێماو ئاماژە**

یەكێكی تر لە تایبەتمەندییەكانی زمانی شیعریی یاخیبوون، بریتییە لە بەكارهێنانی هێماو ئاماژە. بەكارهێنانی هێماو ئاماژە لەم جۆرە زمانەدا بۆ دوو هۆكار دەگەڕێتەوە. یەكەمیان پەیوەستە بە ترس، یاخود بۆ ئەوەیە، لە بارودۆخێكی سیاسیی نەگونجاودا شاعیر بتوانێت پەیامەكەی خۆی بگەیەنێت. لەلایەكی تریشەوە بەكارهێنانی هێماو ئاماژەكان لە دەقی شیعریدا بۆ ئەوەیە، شاعیر بیەوێت لەشێوەی دارشتنێكی بەهێزدا پەیامەكەی خۆی بگەیەنێت. تەنانەت لە زۆر باردا بەكارهێنانی ئەو جۆە هێماو ئاماژانە، یاخیبوونە لە زمانی باوی بەكارهاتوو و داهێنانێكی نوێیە لە چۆنێتیی مامەڵەكردن لەگەڵ زمانداو تێكشكاندنی بنەما كلاسیكییەكانی ناو زمانی دەقی ئەدەبییە، هەموو شاعیرێكیش لەم بوارەدا خاوەنی شێوازی تایبەتیی خۆیەتی، كە لە شاعیرەكانی تر جیایدەكاتەوە. "ئەو ناوەندەی كەسایەتییەكەی تێدایە، كاریگەری لەسەر بیرو هۆشی داهێنەرەكە دروستدەكات، لە چۆنێتیی هەڵبژاردنی وشەكانو ڕێكخستنی وشەكانو شێوازەكەی، كە جیاوازترە لە هەموو شێوازەكانی تر"[xvi].

هەمیشە شاعیری داهێنەر دەیەوێت لەڕێی بەكارهێنانی هێما مێژوویی‌و ئەفسانەیی‌و ئایینی‌و نیشتمانی‌و سیاسی‌و سروشتییەكانی تایبەت بەخۆیەوە لەوانی تر جیاواز بێت، كاتێكیش دەیەوێت پەیامی یاخیبوونی بگەیەنێت، پشت بە یەكێك لەو هێمایانە ببەستێت، ڕاستە هەندێك لەو هێمایانە هاوبەشنو جیهانین، بەڵام چۆنێتیی دارشتنەوەو بەكارهێنانیان لای شاعیر بەشێوەیەكی داهێنەرانە، تایبەتمەندێتیی تایبەتیی خودی شاعیری پێدەبەخشێت.

**سێیەم: هونەرەكانی ڕەوانبێژی**

زمانی شیعریی یاخیبوون، زۆر جەختدەكاتەوە لەسەر بەكارهێنانی هونەرەكانی ڕەوانبێژی، وەك هونەرەكانی (خواستنو خوازەو وەك یەكی) لەپێناوی گەیاندنی كاریگەریانەی پەیامەكەی لەلایەن شاعیرەوەو دروستكردنی وێنەی هونەریی نوێو كاریگەر "شیعر بەبێ وێنە بوونی نییەو دیارترین وێنەش لە شیعردا وێنە ڕەوانبێژییەكانن. زمانی خوازە زمانی یەكەمی مرۆڤایەتییەو ئامانجی گەورەو یەكەمی زمانی شیعرییە"[xvii]. هەربۆیەش پێویستە لەسەر ئەو شاعیرانەی دەیانەوێت پەیامی یاخیبوون بگەیەنن، شارەزاییی زۆریان لە هونەرەكانی ڕەوانبێژیدا هەبێت، ئەم شارەزاییەش یارمەتیی زۆریان دەدات بۆئەوەی بەشێوەیەكی هونەرمەندانەی بەرز، زمانی دەقە شیعرییەكانیان دابڕێژن.

**چوارەم: فەرهەنگی وشەو زاراوەكان**

ڕاستییەكی زانستی هەیە، ئەویش ئەوەیە، وشەو زاراوەكان لە زمانی ئاسایی ئاخاوتندا یەك بەهایان هەیەو بێدەسەڵاتن، ئەوە توانای شاعیرە وادەكات بەهاو جوانی‌و ناشیرینی وەربگرن، بەڵام هەر مەبەستێكی شاعیرو دیاردەیەكی ئەدەبی، هەندێك وشەو

زاراوەی تایبەت بە خۆی هەیە، واتە دەتوانین بڵێین فەرهەنگی زمانی شیعریی یاخیبوون، هەندێك وشەو زاراوەی تایبەت بەخۆی هەیەو جیایدەكاتەوە لە جۆرەكانی تری زمان لە هەردوو بواری زانستی زمانی كۆمەڵایەتیو زانستی زمانی دەروونیدا. وەك نووسەر (بدوی الجبل) لە چاوپێكەوتنێكیدا لەگەڵ (منیر العكش)دا دەڵێت: هەر وشەیەك ئەگەر لە ماڵی خۆیت دانا وشەیەكی جوانە، هەر وشەیەكیش ئەگەر لە ماڵی خۆیت دانەنا جوانییەكەی لەدەستدەدات)[xviii].

**پێنجەم: وێنەی هونەری**

وێنەی هونەری لە زمانی شیعریی یاخیبووندا، گرنگییەكی زۆری پێدەدرێتو هەر لە كۆنەوە لە دەقی ئەدەبیدا پێگەیەكی گرنگی هەبووە. لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا بەشێوەیەكی بەربڵاو لە توێژینەوە ڕەخنەییەكاندا ئەم زاراوەیە بەكارهاتووەو وەك یەكێك لە پێوانەكانی داهێنانی ئەدەبی لە شیعردا سەیركراوە. وێنەی هونەریش لە دەقی شیعریدا لەسەر زمانی خوازەیی بونیاددەنرێت، وەك (سی دی لویس) لە كتێبی (الصورة الشعرية)دا دەڵێت: "بۆئەوەی لەبارەی شیعرەوە بڕیاربدەین، دەبێت بڕیار لەسەر هێزی خوازە لە شیعرەكەداو ڕەسەنایەتی بدەین. هەروەها (درایدن) بڕوای وایە وێنە بە تەنها گیانو ژیانی قەصیدەیە"[xix].

ئەركی وێنەی هونەری لە زمانی شیعریی یاخیبووندا، تەنها ئەركی ڕازاندنەوەو بەخشینی چێژ نییە لەڕێی كردەی نامۆكردنی وشە ئاساییەكانەوە، بەڵكو ئەركە بنەڕەتییەكەی لە گەیاندنی ئەو بیرەدا بەرجەستەدەبێت، كە شاعیری یاخیبوو دەیەوێت بیگەیەنێت، وێنەی هونەری لێرەدا پەیوەستە بە كردارێكی هاوبەش لەنێوان خەیاڵو خودو بابەتو زمانی خوازەییدا، كە دواجار وێنەیەكی نوێی هونەریی پەیوەندیدار بە بابەتەكەوە دروستدەكات بەمشێوەیە:

ئەندێشە + بابەت + خود (ناخ) + زمانی خوازەیی= وێنەی هونەری

↓ ↓

یاخیبوون = وێنەی هونەریی یاخیبوون

گرنگیی وێنەی هونەریی لە زمانی شیعریی یاخیبووندا لەوەدا بەرجەستە دەبێت، كە وێنەكە دەبێتە یەكەم وێستگەی بەریەككەوتنی نێوان دەقی شیعرییو خوێنەرەكەی، بەوەش دەتوانێت كاریگەریی دەروونی لەسەر ناخی خوێنەر دروستبكات، كە ئامانجی سەرەكیی شیعری یاخیبوونەو دەبێتە هۆی جوڵاندنی هەستو سۆزو جوڵاندنی چالاكی لە ناخی خوێنەردا لەپێناوی ئەنجامدانی كاردانەوەیەكی ئەرێنی لە كردەی یاخیبووندا.

**شەشەم: لایەنی دەنگسازیی_ ئاواز لە زمانی شیعریی یاخیبووندا**

زمانی شیعریی یاخیبوون، خاوەنی ئاوازێکی تایبەت بە خۆیەتی، کە شاعیر بەهۆی هەڵبژاردنی جۆری دەنگو پیتو وشەکانەوە ئاوازێکی تایبەتو سەرنجڕاکێش دروستدەکات، کە دەربڕی ئەو بارودۆخە دەروونیو کۆمەڵایەتییە بێت، کە شاعیری تێدایەو دەیەوێت بیگەیەنێتە خوێنەرەکانیو مەبەستی تەواوەتی شاعیر بگەیەنێت. دیارە ئەم دۆخی دروستکردنی ئاوازی شیعرییە لەڕێی هەڵبژاردنی دەنگو وشەکانەوە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر جیاوازنو کاریگەریو کاردانەوەکانیشی جیاوازن. ئەوەی لە زمانی شیعریی یاخیبووندا هەیە، چۆنێتیی گەیاندنی پەیامەکەو دروستکردنی کاریگەرییە لەسەر خوێنەرەکانی، یاخود ئەوانەی گوێیان لە دەقەکە دەبێت لەکاتی خوێندنەوەدا. کاریگەریی ئەمجۆرە زمانە زیاتر کاتێك دەردەکەوێت، کە شاعیر خۆی دەقەکە بخوێنێتەوە، یاخود کەسێکی تر بیخوێنێتەوە، چونکە ئەم پرسی یاخیبوونە، مامەڵەیەکی وردە لەگەڵ کردە کۆمەڵایەتیو دەروونییەکاندا. هەروەها شیعر پێکهاتەیەکی تایبەتە، کە لە (دەنگ)ەوە دەستپێدەکات تا ساتەوەختی دروستکردنی دۆخی کاریگەریو کارتێکراوی لەنێوان خوێنەرو نووسەری دەقدا "شیعر پێکهاتەیەکە لە دەنگو وێنەو بیرو هەست، هەربۆیەش لەکاتی خوێندنەوەیدا لە خوێنەرێکەوە بۆ خوێنەرێکی تر گۆڕانی بەسەردا دێت، شیعر کۆمەڵێك بوونی جیاوازی هەیەو ناتوانین لە یەك بووندا گەمارۆی بدەین"[xx].

بەپێی ئەو بۆچوونانەی پێشوو، لە زمانی شیعریی یاخیبووندا ئاوازو چۆنێتیی خوێندنەوە، بەهاو کاریگەریی گەورەی هەیەو زیاتر لە تایبەتمەندییەکانی تری ئەمجۆرە زمانە، مامەڵە لەگەڵ باری دەروونیی نووسەرو خوێنەری دەقی ئەدەبیدا دەکاتو کاردانەوە پێویستەکان دروستدەکات.

زمانی شیعریی یاخیبوون لەناو دەقی ئەدەبیی شاعیراندا، بەهایەکی گەورەی هەیەو تەنانەت دەتوانین بە دیوی دووەمی دەقەکەی دابنێین، هەمیشە زمانێکی پتەوو بەهێز، ئاماژەیە بۆ بوونی دەقێکی باڵاو بەهێزو کارتێکەر، پێچەوانەکەشی ڕاستە، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت ئەو ڕاستییە زانستییە لەبەرچاو بگرین، کە پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان فۆرم (شێواز)و ناوەڕۆکی دەقەکەدا هەیە، هەر ئەمەشە وادەکات ئێمە پێداگری بکەین لەنێوان ئەو کاریگەرییانەی، کە زمانی شیعریی یاخیبوون لەسەر پەیامی یاخیبوون لای شاعیر دروستیدەکات.

**1/2 زمانی شیعریی یاخیبوون لە دیوانی (ئێستا کچێك نیشتمانمە)دا**

شێرکۆ بێکەس لەناو ئەدەبی کوردیدا یەکێکە لەو شاعیرانەی، خاوەنی زمانێکی تایبەتو سەرسوڕهێنەرە، بەجۆرێك کاریگەریی زمانی شیعریی بەسەر شیعری قۆناغی خۆیو دواتریشدا بەردەوام دەبێت.

شێرکۆ جگە لە زمانی شیعر، هیچ زمانێکی تر نازانێت "بۆ شیعرو بۆ عەشقو بۆ بەرگریو بۆ تووڕەبوونو بۆ داهێنان...تەنها زمانی شیعرو هیچی تر. شێرکۆ بێکەس لەناو ڕووبەرە فراوانەکەی شیعردا هەموو شتێك دەدوێنێو هەموو شتێك دەهێنێتە نێو شیعرو بە قسەیان دەهێنێ (مرۆڤ، عەشق، نیشتیمان، خاك، چیا، ئاو، باران، وەرزەکان، باڵندەکان، ژنەکان، مێژوو، مافەکان، ستەمەکان، ...) هیچ شتێك نامێنێ لەنێو شیعرەکانیدا نەیاندوێنێو حیواریان لەگەڵدا نەکات"[xxi].

شێرکۆ بێکەس لە زمانی شیعریدا کودەتایەکی گەورەی بەسەر زمانی شیعریی قۆناغی خۆیدا هێنا، تەنانەت هەر لەو ڕێگەیەشەوە خۆی لە قۆناغی (گۆرانو هاوڕێکانی) جیاکردەوە. واتە جیاوازیی شێرکۆ بێکەس لەگەڵ شاعیرەکانی تردا بە تەنها لە بواری داهێنانی فۆرمی جیاوازی شیعردا نییەو تەنها لەو ناوەرۆکە قووڵەدا نییە، کە لە ئەزموونی شیعریی ئەودا بەرجەستەیە، بەڵکو بەدرێژایی ئەزموونی شیعریی خۆی، هەوڵیداوە خاوەنی زمانێکی تایبەتیی خۆی بێت لە هەموو ئاستەکانی زماندا، واتە لە (دەنگو وشەو ڕستەو واتا)دا. لەیەکەم ئەزموونی شیعر نووسینی خۆیەوە تا دوا دیوانی شیعریی خۆی (خێراکە مردن خەریکە بگات)، باڵادەستیی ئەو لە بواری زمانی شیعریدا بەدیدەکەین. تەنانەت خۆشی لە شیعرەکانیدا باس لە جیاوازیی زمانی شیعریی خۆیو زمانی شیعریی شاعیرەکانی تر دەکاتو ددان بەوەدا دەنێت، ئەو بە زمانێکی سادەو ڕەوان خۆیو عەشقو نیشتمانو شیعر دەنووسێتەوە. لە شیعری (دوو زمان)دا دەڵێت:

جیاوازیی منو زۆر شاعیر هەر ئەوەیە

بە زمانی سادە وەکو ئاوی ڕەوان

بۆ عەشقەکەی خۆم دەنووسم

بۆیە عەشقیش ئەگەر لەوپەڕی دنیاش بێ

لە من ئەگا!

هەرچەندە لە زمانی شیعریی شێرکۆ بێکەسدا خاڵێك هەیە دەکرێت وەك خاڵی لاوازی زمانی شیعریی ئەو سەیربکرێت، ئەویش ئەوەیە، زیاتر شێوەزاری سلێمانی بەسەردا زاڵەو زۆر گرنگی بە زمانی باوی نووسین لە باشووری کوردستان نەداوە، هەر لە هەڵبژاردنی وشەکانەوە تا دەگاتە ئاستی ڕێنووس. لە زۆربااردا پابەندە بە ڕێنووسی شێوەزاری سلێمانییەوە، بەڵام لەڕووی فەرهەنگی وشەوە، هەوڵیداوە وشەی زۆربەی ناوچەکانی تری کوردستان بەکاربهێنێت.

ئەو وەختەی زمان لاڵ ئەبێ و سیس ئەبێ و

ئەوەرێ و ئەو وەختەی دڵنیایی ئەحەپەسێ و

بەختیاری نائومێد ئەبێ و پێکەنین ئەگری و

هەتا تاریك ئەبێ و لە بەرەبەیاندا شەو دادێ[xxii]

لە هەموو کردارەکانی ئەو کۆپلە شیعرەدا (ئەبێ، سیس ئەبێ، ئەوەرێ، ئەحەپەسێ، نائومێدئەبێ، ئەگری، تاریك ئەبێ) لە جیاتی (دە) وەك نیشانەی تافی ڕانەبردوو، نیشانەی (ئە) بەکاردێنێت، بەتێکڕای ئەزموونی شیعریی شێرکۆ بێکەس، بەشێوەیەکی بەردەوام لەجیاتی نیشانەی (دە)، (ئە) بەکارهاتووە، ئەم دۆخەش لە شیعری ئەودا وەك سیمایەکی تایبەتی لێهاتووە .

**2/2 ڕەهەندەکانی زمانی شیعریی یاخیبوو لە دیوانی (ئێستا کچێك نیشتمانمە)دا**

ئەگەر بەشێوەیەکی ورد بێینە سەر باسکردن لە زمانی شیعریی یاخیبوون لە دیوانی (ئێستا کچێك نیشتمانمە)دا، کە لە شێوەی دەقێکی درێژدایە، دەتوانین لەسەر چەند ئاستو ڕەهەندێك لە زمانی شیعریی یاخیبوون لەو دیوانەدا قسەبکەین:

**١-٢/٢ ناونیشانی دیوانەکە**

هەر لە ناونیشانەکەوە شاعیر جاڕی یاخیبوون دەداتو دەیەوێت پێمان بڵێت، لەمەودوا بەهیچ شێوەیەك نیشتمان مەعشوقی من نییە، واتە هەڵگەڕانەوەیەکی گەورە بەهۆی ئەم ناونیشانەوە لە شیعرو بیرو ئەزموونی شیعریی شاعیردا بەدیدەکرێت. ئەم ناونیشانە تەنها ناونیشانی دیوانێکی شیعریی، یاخود دەقێکی درێژی ئەدەبی نییە، بەڵکو ناونیشانی مانیفێستی یاخیبوونە لە خۆیو لە ڕابوردوو و لە مەعشوق. شێرکۆ بێکەس لەمبارەیەوە دەڵێت: "(ئێستا کچێك نیشتمانمە) کتێبی بێزاربوونی گەنجێکی ئەم ڕۆژگارەیە، وەڕسبوون لە هەموو شتێکی نیشتمان، لە هەموو گەمە ناشیرینەکان، کتێبی چاوەڕوانییە نائومێدەکانە، کتێبی خەونی کوژراوەکانە"[xxiii].

بەکارهێنانی (ئێستا) لە ناونیشانەکەدا وەك دانانی خاڵی جیاوازیو دابڕان لە نێوان لە نێوان دوو قۆناغی شیعریی شێرکۆ بێکەسدا. وەك ساتەوەختی جیابوونەوەو دابڕان لەنێوان مەعشوقە کۆنەکەی، کە نیشتمانەو مەعشوقە نوێیەکەی لە ئێستادا، کە (کچێك)ە



هەروەها دانانی ئەو ناونیشانە سەرنجڕاکێشە، ئاماژەیە بۆ ئەو پرسیارە قووڵانەی شاعیر لە نیشتمانو جوانییەکانیو پیرۆزییەکانی هەیە، واتە هەڵبژاردنێکی پڕ پرسیاری گومانلاوییە لە کۆی ئەزموونی شیعریی شاعیرو جیهانبینیی شاعیر. خوێنەر کاتێك ئەم ناونیشانە دەبینێت، تووشی ڕامانێکی قووڵ دەبێت، واتە چۆن شاعیر لەڕێی ئەم ناونیشانەوە گەلێك گومانو پرسیار دروستدەکات، بەهەمان شێوە خوێنەریش لەکاتی خوێندنەوەی ئەم ناونیشانەدا گەلێك پرسیاری بۆ دروستدەبێت. لەوانە، ئایا نیشتمانی شاعیر پێش ئەم کچە، کوێ بووە؟ بۆچی شاعیر پشتی لە نیشتمانی کۆن کردووە؟ دەیەوێت لەم نیشتمانەی ئێستایدا چی دەستبکەوێت؟

هەڵبژاردنی ناونیشانەکە تەواو گونجاوە لەگەڵ ناوەرۆکەکەیدا، بەجۆرێك خوێنەر هەر لە ناونیشانەکەیەوە هەست بەو یاخیبوونە گەورەیەی شاعیر دەکاتو دەیەوێت وەڵامی پرسیارەکانی پێشووی دەستبکەوێت. شاعیر بە مەبەست ئەو ناونیشانەی هەڵبژاردووەو ویستوویەتی لە یەکەم بەریەککەوتنی خوێنەر لەگەڵ ئەم دیوانەدا، هەست بە کودەتایەکی گەورە لە جیهانبینیی شاعیردا بکات.

شێرکۆ بێکەس لە هەڵبژاردنی ئەو ناونیشانەدا وشەی (کچێك) بەکاردەهێنێت وەك کەسێکی نەناسراو، نەك کچێکی ناسراو، هەرچەندە لە ناوەڕۆکی دەقەکەدا ناوی (ڕۆزانا) دەهێنێت، بەڵام دەیەوێت لە ناونیشانەکەدا بە نەناسراوی بیهێڵێتەوە، ئەمەش لەپێناوی ئەوەدایە هەموو خوێنەرێك خۆی لە پەیوەندیدا بهێڵێتەوە لەگەڵ کچە نەناسراوەکەی ناونیشانەکەدا، ئەمەش یەکێکە لەو ڕێگا سەرکەوتووانەی هەمیشە شاعیری بەهرەمەند لەگەڵ خوێنەرەکانیدا پەیڕەویدەکات، بۆئەوەی بواری دابڕان لەنێوان خوێنەرو دەقدا دروستنەبێت، بەڵکو تا کۆتایی دەقەکەی، ڕایەڵی پەیوەندی لەگەڵدا بهێڵێتەوە. لەم بوارەدا شێرکۆ بێکەس یەکێکە لەو شاعیرانەی کورد، کە خاوەنی ڕێبازێکی تایبەتیی خۆیەتی لە هەڵبژاردنی ناونیشانی سەرنجڕاکێش بۆ دەقە دووروودرێژەکانی. ڕاستە هەموو دەقێکی ئەدەبی، پێویستە ناونیشانی ئەدەبیو جیاواز بە خۆی هەبێت، بەڵام لە ئەزموونی شیعریی شێرکۆدا، ئەم حاڵەتە زۆر تایبەتیتر دەردەکەوێت. لە ناونیشانی (ئێستا کچێك نیشتمانمە)دا، شاعیر توانایەکی ئەدەبیو زمانەوانیی زۆر جیاوازی بەکارهێناوە، لەپێناوی بەستنەوەی ناوەڕۆکی دەقەکە لەگەڵ ناونیشانی دەقەکەدا.

**٢/٢-٢ گەنجینەی وشەکان لە دیوانەکەدا**

شێرکۆ بێکەس خاوەنی گەنجینەیەکی دەوڵەمەندی وشەیەو دەتوانین بڵێین، تەنانەت خاوەنی فەرهەنگی وشەی تایبەت بە خۆیەتی. لە هەموو دەقێکی شیعریدا، بوونی فەرهەنگی وشەی دەوڵەمەند، ئاماژەیە بۆ بوونی زمانێکی باڵای ئەدەبیو توانای دەربڕینی ئەدەبیی سەرکەوتوو لە گەیاندنی بیری شاعیر بە خوێنەرەکانیدا، چونکە "زمانی ئاسایی ناتوانێت ئاستی شاعیر بە بەرزی بهێڵێتەوەو تەواوی هەستو واتاو ئەندێشەی دوورو پێشبینییەکانو جیهانبینییەکانی شاعیر لەخۆبگرێت"[xxiv].

کەواتە بۆئەوەی شاعیر بتوانێت دەقێکی بەهێز بنووسێت، دەبێت پێش هەموو شتێك هەوڵی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی وشەکانی بدات، ئەمەش لەڕێی شارەزابوون لە زارو شێوەزارەکانی زمانو خوێندنەوەی بەردەوامەوە، هاوکات ئاگاداربوون لە تەواوی ئاستەکانی ناو کۆمەڵگاکەیو شارەزایی لە بواری کەلتووری کۆمەڵگاکەیدا، دێتەدی.

سەرەڕای بوونی گەنجینەیەکی فراوانی وشەو زاراوەو دەستەواژەی نوێ لە دەقەکانی شێرکۆ بێکەسدا، بەشێوەیەکی دیار وشەی فەرهەنگی بەکارهاتوون، ئەم چەمکەش بە بڕوای (کۆدۆن) بریتییە لە سنوردارترینو سادەترین مانای وشە، بێ لەبەرچاوگرتنی هەستو سۆزمان لەو بارەیەوە، یان ئەو پێشنیازو مانا شاراوانەی، کە هەیەتی. لە ئینسکلۆپیدیای پرینستۆنیدا دەڵێت: "بریتییە لە مانا ڕووکەشو ئاشکراکەی وشە، یان ئەوەیە لە فەرهەنگدا دیاریکراوە"[xxv].

جیاوازیی زۆر لەنێوان هەردوو چەمکی گەنجینەی وشەو وشەی فەرهەنگیدا هەن، بەڵام ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە، لە هەردوو بارەکەدا کارکردنە لەسەر دەوڵەمەندکردنی گەنجینەی وشەکانی شاعیرو گرنگیدان بە بواری دەوڵەمەندیی زمانو جوانترکردنی وێنە شیعرییەکانو باشتر گەیاندنی بیری شاعیر بۆ خوێنەرەکانی، کە دەتوانین لەم خاڵانەی خوارەوەدا دیارییان بکەین:

1. بەرفراوانکردنی لێکدانەوەی مانای وشەکانو دواجاریش بە مەدلولکردنی دەقەکە.
2. پاراستنی وشە کوردییە پەتییەکانو بەخشینەوەی هێزی مانا بە وشەکان.
3. بەهێزکردنی مەودلولو بنەمای وێنە شیعرییەکەو وێنەی ڕوانینی خوێنەر لەسەری.
4. بەجێهێشتنی جێکەوتەی پۆزەتیڤ لە بیرو زهنی خوێنەردا.
5. بەهێزکردنی کۆنتێکستی دێرە شیعرییەکە.
6. دەوڵەمەندکردنی زمانی شیعریی.
7. کرانەوەی ئاسۆی بیری خوێنەر لە بەرامبەر لێکدانەوەو ڕاڤەی شیعرییدا.
8. بەخشینی مانایەکی زۆر بە کەمترین کەرەستەو دەربڕراو.[xxvi]

گەنجینەی وشە لە دیوانی (ئێستا کچێك نیشتمانمە)ی شێرکۆ بێکەسدا، تەنها بریتی نییە لە وشەو زاراوەی نوێ، بەڵکو دەستەواژەی زۆر نوێو سەرنجڕاکێشی تێدایە، کە بوونەتە بنەمای بنەمای سەرەکیی بونیادنانی زمانی یاخیبوون لای شاعیر. هەر لە دەستپێکی دەقەکەوە شاعیر بە زمانێکی باڵاو دەربڕینو وشەی نوێ، یاخیبوونەکەی دەکێشێت.

واهات، عاشقان!، وا خۆی هات
بە پۆشاکی گەڵا ڕێزانەوە... واهات!
بە نۆزدەساڵی زەردەوە
بە نۆزدە چرای تاریكو
بە نۆزدە زامی سەوزەوە
لەگەڵ پەپوولە پاییزەی غەریباندا
بەڕێوەیەو...دێت بۆ لاتان[xxvii]

شاعیر بە بەکارهێنانی دەستەواژەکانی (پۆشاکی گەڵاڕێزان، نۆزدە ساڵی زەرد، نۆزدە زامی سەوز، نۆزدە چرای تاریکی، پەپوولە پاییزەی غەریباندا)، چێژو تایبەتمەندییەکی زۆر تایبەتی بە شیعرەکە بەخشیوە، بۆ کەسێك ئاگاداری بارودۆخی سیاسیی هەرێمی کوردستانی عێراق بوو بێت لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی (1991)ەوە تا ساڵی (2010)، دەزانێت هەردوو ڕەنگی (سەوزو زەرد) ئاماژەن بۆ هەردوو حیزبی حوکمڕانی (یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستانو پارتی دیموکراتی کوردستان)، کە بەدرێژایی نۆزدە ساڵ حوکمڕانییان، وڵاتیان بەرەو وێرانەییو نەهامەتی بردووە. شاعیر لەڕێی بەکارهێنانی (نۆزدە ساڵی زەردو نۆزدە زامی سەوز)ەوە گوزارشتی لە ماوەی حوکمڕانیی ئەو دوو حیزبە کردووە، کە پڕێتی لە ئازارو زامو نەگبەتی بۆ هەرێمی کوردستان. لە ئەنجامی ئەو جۆرە حوکمڕانییە خراپەدا، شاعیر لەڕێی ئەو زمانە تایبەتەی خۆیەوە، دەیەوێت یاخیبێت بەرامبەر بەو مێژووە نۆزدە ساڵییە پڕ زامەی گەلی کورد.

دیسانەوە
وەکو دوێنێو وەکو پێرێ

پارو پێرار

ڕۆژێکی تری سواومەو

دیسانەوە

هەر خۆم سوخرەکێشی خۆمەو

بێواز... بێواز

پاڵنان بە بێزاریمەوە

بەردەوامەو

دەمەو عەسرەو

چون چڕو چاوی نیشتیمان

هەوا گرژەو...گەرەگ مۆنو

چەند (هەزار)ێکی چرچو لۆچ

لە گیرفانی پانتۆڵێکی غەمگینایەو

ئەڵێی پشیلەی بەر گەرمای بێتاقەتم

خاو و خلیچك

لە ماڵەوە دەچمە دەرێ.xxviii

لەو کۆپلە شیعرەی سەرەوەدا، شاعیر زۆر بەڕوونی دڵتەنگیو نائومێدیی خۆی ئاشکرادەکات، دەتوانین ئەو کۆپلە شیعرە بە مانیفێستی نائومێدبوونی شاعیر دابنێین، نائومێدبوونیش، یەکێکە لە بنەماو هۆکارە سەرەکییەکانی یاخیبوون. ئەم مانیفێستی نائومێدبوونەشی، لەڕێی وشەو دەستەواژەکانییەوە بە تەواوەتی دەربڕیوە، هەموویان گوزارشتن لە (ژیانی دووبارەو بێگاریو بێزاریو هەژاریو ناشیرینیی دەسەڵاتو خەمو بێتاقەتی)، کە لە زەمەنی نووسینی ئەم دەقەدا، بوونەتە تایبەتمەندێتیی سەرەکیی نیشتمانو مەعشوقیان بە تەواوەتی لای شاعیر ناشیرین کردووە.

لەم ڕۆژژمێرەی ئێستەدا

سەعات لە ڕۆژ

هەفتە لە مانگ

مانگیش لە ساڵ وەرس بووە

من لەخۆمدا. لەناو خۆمدا

ڕەنگم لە دەنگم بێزارە

دەنگم لە بۆنم بێزارە

هەر لەم کۆڵانەی ئێمەدا

دەرگا لە چوارچێوەی خۆیو

سیلەی کۆڵان لە کۆڵانو

کۆڵان لە دیوار بێزارە

بێتاقەتیی لە تەکمایەو هەنگاو ئەنێ

یان سێبەرمەو یان هاوڕێ[xxix]

شاعیر زۆر جەخت لەسەر ئەو وشانە دەکاتەوە، کە بەرەو نائومێدیی تەواوەتی دەبەن لە نیشتمانی جاران، وەك وشەکانی (بێزار، وەڕس، هاوڕێیەتی، بێتاقەتی، سێبەری بێتاقەتی)، بەدرێژایی (ئێستا کچێك نیشتمانمە)، ئەمجۆرە زمانە زاڵە تا ئەو کاتەی شاعیر خۆشەویستە نوێیەکەی، کە (ڕۆزانا)یە، دەدۆزێتەوەو ئیتر لێرەوە نائومێدیو خەمو ڕقو بێتاقەتیو ناشیرینی، کۆتایی پێدێتو مەعشوقێکی نوێی پڕ جوانیو ئومێد دەدۆزێتەوە، هەربۆیە لێرەدا شاعیر جارێکی دیکە وشەکانو زمانی دەربڕینی دەگۆڕێت بۆ زمانی خۆشەویستیو ئومێد، بۆ زمانی گەنجبوونی هەمیشەییو بۆ زمانی کۆتایی ماندووبوونو کۆتایی ڕق. واتە لەم دیوانەدا دوو جۆر زمان بوونیان هەیە. زمانی قۆناغی نائومێدیو ڕق لێبوونەوە لە مەعشوقی کۆن، کە نیشتمانەو زمانی دوای قۆناغی دۆزینەوەی مەعشوقە نوێیەکەی، کە (ڕۆزانا)یەو پڕێتی لە وشەو دەستەواژە ئومێدبەخشەکان.

تۆ ئەزانی لەم زمانی خۆشەویستیەدا

لەم فەرهەنگە زیوینەدا، نە وشەی (ڕق)ی تیایەو

نە (ئاوابوون)و نە (ماندووبوون)و نە

(وەرین)و (نەکوژانەوە)و نە (پیربوون)[xxx]

شاعیر لە دیوانی (ئێستا کچێك نیشتمانمە)دا، (19) وشەی نوێ بەکاردەهێنێت، کە پێشتر لە دەقەکانی تریدا بەکارینەهێناون، هەر خۆشی لە پەراوێزدا ڕوونکردنەوەی لەبارەی وشەکانەوە داوە. ئەمەش ئاماژەیە بۆئەوەی، شێرکۆ بێکەس لەگەڵ هەڵکشانی تەمەنیدا، بەردەوام گەشەی بە گەنجینەی وشەکانی خۆی داوە، لەلایەکی ترەوە ئاماژەیە بۆئەوەی، زمانی کوردی، زمانێکی دەوڵەمەندەو دەتوانرێت بەهۆی وشەو زاراوەکانی ناو زارو شێوەزارەکانییەوە، ئەو کەلێنانە پڕبکرێنەوە، کە بەهۆی بەرەوپێشەوەچوونو تێکەڵاوبوونی کەلتوورو شارستانییەتەکانەوە لە زماندا دروستدەبن. بەشی زۆری ئەو وشە نوێیانە، لە تۆخکردنەوەی ئەو زمانی یاخیبوونەدا بەشدارن، کە شاعیر لەم دیوانەدا لەسەری دەڕواتو لەڕێیەوە پەیامەکەی خۆی دەگەیەنێت.

| **وشە نوێیەکان** | **واتاکانیان (وەك ئەوەی شاعیر لە پەراوێزدا ڕوونیکردوونەتەوە)** |
| --- | --- |
| بێوار | بێحەوسەڵەو بێتاقەتی |
| زماك | ئەو شوێنەی هەتاو نایگرێتەوە |
| زیکار | شەونخونی |
| تامار | شەبەحو تارمایی |
| هاقڵ | نەترسانو مل پێوەنان |
| سلسار | بێشەرم |
| سارومار | زۆر بۆگەن |
| گەرگەسان | لەناوچوون، وردو خاشبوون |
| ساعوور | وەك مجەوری ئەمیش شەوو ڕۆژ خزمەتی مزگەوت دەکا |
| لەژم | زەلکاو |
| ساتوور | تەمەڵو تەوەزەل |
| گوردەم | عەشامات، قەرەباڵغی |
| پاسفندە | زۆر بۆگەن |

| | |
|---|---|
| زشت | ناجۆرو ناپەسەند |
| پیفو | تەمەڵو تەوەزەلو لەشگران |
| گەڤار | پیس |
| سخار | زەویەك بۆ كێڵان ناشێت |
| سارِستە | رِستەی ناتەواو، قرتاو، پچراو |
| كادانە | ئەسپی رِەسەنو بە ئەسڵ لە رِوسیاوە هاتووە[xxxi] |

مەرج نییە ئەو وشانە یەكەمجار بن لە دەقی شیعریدا بەكارهێنرابن، بەڵام شاعیر بۆ یەكەمجارە ئەم وشانە دەخاتە ناو دەقێكی ئەدەبیی یاخیانەوە، بەشی هەرە زۆری ئەو وشانەش، بۆ دەرخستنی نائومێدیی شاعیرو پیشاندانی ناشیرینیی پیاوەكانی نیشتمانو شەرِی ناوخۆو دروستكردنی وێنەی نیشتمان بەشێوەیەكی ناشیرین لە زەمەنی نووسینی دەقەكەدا. شێركۆ بێكەس لەرِێی بەكارهێنانی بەشێك لەو وشانەوە، هەندێك چیرۆكی مێژوویی دەگێرِێتەوە، بۆ نموونە لەو شوێنەدا، كە باسی (ساعوور) دەكات، دەیەوێت چیرۆكی گرانییە گەورەكە لەسەروبەندی جەنگی جیهانیی یەكەمدا بگێرِێتەوە، كە چۆن لە بارودۆخێكی لەو جۆرەدا مرۆڤەكان بەبێ جیاوازیی ئایینی، هاوكاریی یەكتریان كردووە، لەو كاتەشدا، كە (كەریمی عەلەكە)، كە دەوڵەمەندێكی مەسیحیی سلێمانی بووە، بێ گوێدانە ئایینی خەڵكی شارەكەی، یارمەتیی موسوڵمانەكانی داوە، بەڵام لە زەمەنی نووسینی (ئێستا كچێك نیشتمانمە)دا، بارودۆخەكە گۆرِاوەو هاوزمانو هاوئایینەكان پشت لە یەكتری دەكەنو پیاوانی مۆنی نیشتمان، هەموو خێرێكی وڵات بۆ خۆیان دەبەن، بەوەش خەڵكی برسیدەكرێتو ئامادە نین یارمەتیی هەژارەكانی نیشتمان بدەن.

رِۆژتان باش

من ناوم پشیلەیە. بە نەتەوە كوردمو بە ئاین

مەسیحی. هەندێ كەس بە (جۆرج)یش بانگم

ئەكەن. ئێستە بێكارم. بەڵام ماوەیەك لەمەوبەر

ساعووری تاقە كڵێساكەی ئەم شارە بووم. منی پشیلە

یان جۆرج. باپیرە هەرە گەورەم یەكێك بووە لە

پشیلە دەوڵەمەندو خێرخوازەكانی ناو ماڵی كەریمی ئەلەكە.

ئەو باپیرە پشیلەیە، ئەوەندە چاو بەخشندە بووە

لە گرانییە گەورەكەدا نەیهێشتووە یەك پشیلەی هەژار

لەم شارەدا لە برسێتی بمیاوێنێو هەموویانی

تێركردووە. جا پشیلەی مەسیحی بووبن یان

موسڵمان[xxxii]

**٣-٢/٢ قسەكردن بە ناوی بێگیانەكانەوە**

یەكێك لە سەرەكیترین تایبەتمەندێتیی زمانی شیعریی شێركۆ بێكەس لە دیوانی (ئێستا كچێك نیشتمانمە)دا ئەوەیە، هەموو شتێك دێنێتەقسەو لەرِێیەوە ئازارەكانی خەڵك بەرامبەر بە نیشتمان دەردەبرِێتو دەیانكاتە هۆكاری گەیاندنی پەیامی یاخیبوونی خۆی. شاعیر لەم بوارەدا بەشێوەیەكی هونەرمەندانەی باڵا زمانی قسەكردنی لەشێوەی ئاسایی خۆی لاداوەو رِێچكەیەكی نوێی

دەربڕینی پێبەخشیوە، وەك عەبدوڵڵا محەمەد قودامی لە کتێبی (الخطیئة و التذكیر) دا دەڵێت: "دەق تەوەرەی ئەدەبە، کە چالاکیی زمان تێیدا لە شوێنە ئاساییەکانی خۆی لادەداتو گیانێکی یاخی لە ڕێچکەی زاراوەیی، بۆ ڕێچکەیەکی نوێو تایبەت بەرزدەکاتەوە"[xxxiii].

شێرکۆ بێکەس لەپێناوی پیشاندانی ئاستی باڵای ناڕازیی خەڵك لە دەسەڵاتو پیاوەکانی نیشتمان، هاتووە ئەو کارەی بەجۆرێك ئەنجامداوە تا پێمان بڵێت، نەك مرۆڤەکان، بەڵکو دارو درەختو بارانو بەفرو دیوارو ژوورو پەنجەرەکانو هەموو شتێك لەم دەسەڵاتە ناڕازییە. "هەوڵمداوە هەر لەم دەقەدا پەنابەرمەوە بەر (بەمرۆڤکردنی شتەکان، شتە بێ گیانەکان)، هەوڵمداوە درەخت بدوێ، دیوار، کێڵگە، باڵدار، بولبول، کیسەڵ، مەترەی ئەرز پێوانو هەموو ئەو شتانەی دەوروبەرمان ئەوانیش بێزاری خۆیان دەردەبڕن"[xxxiv].

من ناوم مەترەیە
مەترەی ئەرز پێوان[xxxv]

من ناوم عەدالەتە
لەسەر زەمین چاوێکی خواو
دەستێکی خوام[xxxvi]

من ناوم کراسی ژنانەیە
ئەوەی نیشتیمان پێی شەرمە
بیکاتە بەری خۆی منم[xxxvii]

خۆ هەر من نا
ڕەشەبایش وتی
ئەو هەموو گڤە گڤە هەر گوێی نەگرت
چەخماخە وتی:
ئەو هەموو برووسکەو داگیرسانو داڕزانانەو
هەر گوێی نەگرت[xxxviii]

من ناوم کورسییە
کەس نەیزانێ من ئەیزانم
ئەم هەموو چەقۆی غەدرانە
ئەم هەموو جۆگەی خوێنانە
ئەم هەموو ماسکی دزییانە
ئەم هەموو ڕەژووی ڕقانە

لەسەر منە[xxxix]

من ناوم (نان)ە
لەو شوێنەی زۆرم پێئەکەنم
لەو شوێنەی کەمم ئەگریم[xl]

من ناوم (بەهار)ەو لە تو ئەچم
وەکو یەك جوانینو وەکو یەکیش
بەدەم گوڵەکانی ئایندەوە پێئەکەنین![xli]

من ناوم گوڵی دار هەرمێیە
بەڵام وەك ئەبینن ڕەشیان کردووم[xlii]

من ناوم (پرچ)ە
نیشتیمانم سەری ژنێکە
لە سێ لاوە گەمارۆ دراوم
بە حیجاب![xliii]

من ناوم دیوارە
کەوتوومەتە سەر شەقامێکی گشتی
بەدرێژایی بێزاری درێژمو
بە بەرزی تووڕەبوونیش بەند ![xliv]

من ناوم نارەزاییە
لەدایکبووی شاری یاخیبوونو
گەڕەکی برسێتیو کۆڵانی کوێرەوەریم[xlv]

من ناوم (دەرد)ە
پادشای بەشێکی زۆری ئەم مەملەکەتەم[xlvi]

من ناوم (گابەرد)ە
لەسەر ئەم بەرزاییە ئەژیم

چاوم لە هەموو شتێکە[xlvii]

من ناوم (قەڵەم)ە

لەناو پەنجەکانی (با)یەکی گەنجدام[xlviii]

من ناوم (کێل)ە

کێلی گۆڕی شمشاڵێکی لەبیرکراوم[xlix]

هێنانەگۆی شتە بێگیانەکان لای شێرکۆ بێکەس لە بواری زمانی شیعریی یاخیبووندا، یەکێکە لە بنەماکانی دەوڵەمەندکردنو فراوانکردنی بازنەی دەربڕینی یاخیانەی شاعیر بەرامبەر بە دەسەڵات. هەروەها لەڕووی زمانەوانیشەوە بووەتەهۆی دەوڵەمەندکردنی گەنجینەی وشەکانو هێنانەکایەی وێنەی شیعریی نوێو قووڵبوونەوە لە بەکارهێنانی هونەرەکانی زانستی ڕەوانبێژی، بەتایبەتی هەردوو هونەری (وەکیەکی)و هونەری (خوازە). لە تێکڕای ئەو نموونانەی پێشوودا، شاعیر خۆی بە شتە بێگیانەکان دەچوێنێتو دواتر لەڕێی هونەری (خوازە)وە ئەرکێك دەداتە ئەو شتە بێگیانانەی، کە ئەرکو کردەوەو دەربڕینی مرۆڤی یاخین. هەر ئەمەشە توانیویەتی هێزێکی ئەفسوناویی تایبەت بە زمانی شیعریی شێرکۆ بێکەس ببەخشێت. ئەو داهێنانەی شاعیر لەم بوارەدا ئەنجامیداوە ئەوە دەخاتەڕوو، کە بابەتەکە تەنها بابەتێکی زمانەوانیی ڕووت نییە، بەڵکو هەوڵدانێکی گەورەیە بۆ دروستکردنی هۆشدارییەکی گشتی بەرامبەر بارودۆخە سیاسییە خراپەکەو جوڵاندنی هەستو سۆزی گشتییە لەپێناو پەیامەکەی شاعیر خۆیدا. لەڕووی زمانەوانیشەوە، ئەم کارەی شێرکۆ بێکەس دەچێتە چوارچێوەی داهێنانی زمانێکی نوێی شیعریی لەناو زمانی شیعریی خۆیدا. ئەمجۆرە مامەڵەکردنە لەناو زمانی شیعریدا، کارێکی گرنگەو هۆکارە بۆ دروستکردنی زمانی باڵا لەناو دەقی ئەدەبیدا (شاعیری فەرەنسی ستیفان مالارمیە stephane mallarme) یەکێکە لە ڕابەرانی جوڵانەوەی هێماگەریو تەنانەت داڕێژەری تیۆرییەکانێتی، وایدادەنێت کە زمانی شیعر لە زۆربەی کاتدا ئاڵۆزەو لە یاساو ڕێسا باوەکانی هۆنینەوە زمانەوانییەکان خۆی دەربازکردووە، بەڵام گرنگیدان بە ئاوازو سیماکانی بەخشینی دەنگو ئاواز بە شیعرەکە بوونی هەیەو ئەمەش پێیدەوترێت زمانی باڵای شیعر)[l].

هەروەها ئیبراهیم سامرائی دەڵێت: "زمان لە شیعری شاعیرە نوێیەکاندا، وەك کەرەستەیەکە، لەوانەیە ئەمانەش واتای نوێو وشەی دیاریان هەبێت، لێرەوە بوارەکانی خواستنو خوازەکان فراوانتر دەبن"[li]. ئەگەر لە هەندێك قۆناغی ئەزموونی شیعریی شێرکۆ بێکەسدا قسەکردن بە ناوی شتە بێگیانەکانەوە هێمایەك بوو بێت بۆ خۆپارێزی لە دەسەڵاتی ڕژێمی داگیرکاریی بەعس لە عێراقدا، بەتایبەتی لە هەردوو دەیەی حەفتاکانو هەشتاکانی سەدەی ڕابوردوودا، ئەوا ئەم حاڵەتە لە دیوانی (ئێستا کچێك نیشتمانمە)دا لە ئاستی زماندا لەپێناوی دروستکردنی ئەو زمانە باڵایەی شیعردایە، کە پێشتر باسمانکرد، لە ئاستی پەیامیشدا، بۆ پیشاندانی ئاستی فراوانی ناڕەزایەتییەکانی خەڵکە لە هەرێمی کوردستان بەرامبەر دەسەڵاتی کوردی لە زەمەنی نووسینی دەقەکەدا، چونکە گەندەڵیو نادادپەروەریو زوڵم هێندە زۆرن، داروبەردیش هاتووەتەقسە.

**٤-٢/٢ هێنانەقسەی باڵندەو گیاندارەکان**

یەکێکی تر لەو ئەرکانەی، شاعیر لە دیوانی (ئێستا کچێك نیشتمانمە)دا دەیبەخشێتە گیاندارەکانی تر، وەك (کیسەڵ، پشیلە، کەڵەشێر، ئەسپ، ڕیشۆڵە، کۆتر، کرمی ئاوریشم، بولبول، مامز...هتد)، هێنانەقسەی باڵندەو گیاندارەکانە. هەموو ئەو باڵندەو گیاندارانەی شاعیر بەناویانەوە قسەدەکات ئەوانەن، کە هێمای جوانیو پاکیو ئاشتیو قوربانیدانو بێدەسەڵاتین. نەهاتووە لەم

دیوانەدا بە ناوی گیاندارە دڕو فێڵبازەکانی وەك (شێرو پڵنگو گورگو ڕێوی.....هتد) یەوە قسەبکات، چونکە ئەو دەیەوێت ئازاری گشتیی هەموو شتێك لەم وڵاتەدا بگەیەنێت، وەك ئەوەی ئەو وتەبێژی گەیاندنی ئازارەکانی نیشتمان بێت بە هەموو دونیا، هەربۆیە جارێك وەك مرۆڤ، جارێك وەك داروبەردو درەخت، جارێکی تریش وەك باڵندەو گیاندارەکانو ئینجا بەناوی شەهیدەکانو شەقامو بەفرو گەنجەکانی نیشتمانەوە قسەدەکات.

من ناوم (بوولبول)ە
خەڵکی ئەم باخچەیەم[lii]

من ناوم کیسەڵە
ئەوە چەند ساڵە لەم گوێ گۆمە
حەماڵی ئەکەم[liii]

من ناوم پشیلەیە. بە نەتەوە کوردمو بە ئایین
مەسیحی. هەندێ کەس بە (جۆرج)یش بانگم
ئەکەن.[liv]

من ناوم کۆترە شینکەیەو کچم
ماڵەکەم وا لەو گەڕەکی منارەیە [lv]

من ئەسپێکی کوردی کوژراوی
شەڕی ناوخۆم
(کادانە)مو
ڕەسەن ڕەسەن[lvi]

من ناوم (کەڵەشێر)ەو خەڵکی مەڵکەندیم
چەندین ساڵە پاسەوانمو بەیانیان زوویش
بۆ ئەم گەڕەکە ئەخوێنم[lvii]

من ناوم (کرمی ئاوریشم)ە
خەڵکی کوڕە کاژاوم[lviii]

مامزێکی سپی وتی
هۆ نیشتیمان[lix]

من ناوم (ڕیشۆڵە) یە

لە دەمێکەوە لەو شاخو داخانە

تەتەری هەڵۆو بازە نێرەکانو

نامەبەری نێوان شەقامەکانی شارو

کێوەکانی بووم[lx]

مەبەستی شێرکۆ بێکەس لە قسەکردن بە ناوی گیاندارە جوانو بێدەسەڵاتو هێماکانی ئاشتییەوە لە کۆمەڵگادا، بۆ پیشاندانی ئەمانەی خوارەوەیە:

1. لە جەنگەڵستانی نیشتماندا، درندەکان بێدەسەڵاتەکان دەچەوسێننەوەو برسییاندەکەن.

2. گێڕانەوەی مێژووی خەباتی مرۆڤە باشەکان لە شاخو سەردەمی خەباتی ڕزگاریخوازی کوردو بێبەشکردنی خەباتگێڕەکان لە مافەکانی خۆیان لە سەردەمی دەسەڵاتی کوردیدا.

3. دەرخستنی پەیوەندیی باشی کۆمەڵایەتیو مێژوویی نێوان چینو ئایینو گروپەکانی ناو کۆمەڵگای کوردییە.

4. دەرخستنی ڕقی یاخیبوونی هەمووانە لە نیشتمانی دزەکان.

5. دەرخسنی بێوەفایی پیاوەکانی شۆڕشە، نەك تەنها بەرامبەر بە نیشتمان، بەڵکو بەرامبەر مرۆڤـو گیاندارو باڵندەکانیش.

6. هەموو ئەوانەش لەپێناوی دروستکردنی ڕۆحێکی شۆڕشگێڕانەی یاخیانەیە بەرامبەر بە نیشتمانی دزەکان لە زەمەنی نووسینی دیوانی ئێستا کچێك نیشتمانمەدا.

شێرکۆ بێکەس بەدرێژایی ئەزموونی شیعریی خۆی، هەمیشە ئەرکی نوێی بە خودی شیعرو زمانی شیعر بەخشیوەو جەخت لەوە دەکاتەوە، نابێت ڕێگەبدرێت وشەو ڕێگرییە زمانییەکان ببنە کۆسپ لەبەردەم شاعیردا بۆئەوەی پەیامو مەبەستی فراوانی خۆی لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا گەشەپێنەداتو فراوانیان نەکات، بۆئەوەی ئەمەش بێتەدی، شاعیر هەموو شتێك دێنێتەقسەکردن "شیعر بۆئەوەی توانەوەو تێکەڵاوبوونێکی مەزن بنوێنێت، دەبێت هیچ بەرگێکی تەسك لەبەرنەکات. تێکەڵاوبوونی مانای ئامادەبوون لە هەموو شوێنێکدا، مانای دۆنا دۆن لەگەڵ هەموو شتێکدا بەرجەستە ببێتو دەربکەوێتەوە، واتە لە یەککاتدا، ئەستێرە، پەلکە گیا، ئاو، بەرد، شەونمو بروسکە بێت"[lxi].

**3/2 لادانی زمانی لەپێناوی یاخیبوون لە دیوانی (ئێستا کچێك نیشتمانمە)دا**

تێکڕای دیوانی (ئێستا کچێك نیشتمانمە) لەڕووی زمانەوە خزمەتی ئەو پەیامی یاخیبوونە دەکات، کە شاعیر دەیەوێت بیگەیەنێتە هەموو خەڵکی کوردستان، ئەم کارەش کاتێك بە تەواوەتی دەتوانێت ئامانجەکەی بپێکێت، کە هەموو ئاستو پێکهاتەکانی زمانی دەقەکان بەجۆرێك داڕێژرا بن، تا بتوانن پێکەوە بەشێوەیەکی تەندروست پەیامی یاخیبوونی شاعیر لە بارودۆخی خراپی وڵات بەرجەستەبکەن. واتە لێرەدا دەقەکە هەمووی پێکەوە، یەکەیەکی گرێدراوە بەیەکەوەو هەمووی بەیەکەوە دەتوانێت ئاستی ئەو تووڕەبوونە گەورەیەی شاعیر لە نیشتمانی دزەکان دەربخات.

یەکێك لەو خاڵانەی دەتوانێت هاوکاریی شاعیر بکات لە فۆڕمەڵەکردنی ئەو دۆخی یاخیبوونە، ئەو لادانە زمانییانەیە، کە شاعیر بەپێی پێویستیی گەیاندنی پەیامی شیعریی خۆی، ئەنجامیاندەدات. هەر لەم ڕووەوە، شتێکی ڕوونو باو لە زمانی شیعریدا هەیە، ئەویش ئەوەیە، هەموو شاعیرێك توانای ئەوەی هەیە دەستکاریی زمانی باو و ئاسایی بکات لە پێناوی بەرهەمهێنانی زمانێکی باڵا لە دەقەکانیدا. ئەم دەستکاریکردنە لای شاعیرە گەورەکان دەگاتە ئاستێکی باڵا، بەتایبەتی بۆ شاعیرێکی وەك شێرکۆ بێکەس، کە لە بواری زمانی شیعریدا ئێجگار باڵادەستە، تەنانەت خاوەنی تایبەتمەندێتیو خاسیەتی زمانی شیعریی خۆیەتیو لەم ڕێیەوە لە شاعیرانی تر جیادەکرێتەوە. بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین لە ئەزموونی شیعریی شێرکۆ بێکەسدا ئەم تایبەتمەندییە زمانییانە دیاریبکەین، کە بەشی زۆریان لە سەرجەم دەقەکانیدا بە ئاستی جیاواز دووبارەدەبنەوە بە دیوانی (ئێستا کچێك نیشتمانمە)شمەوە، کە بریتین لە:

1. بەکارهێنانی ئەو وشەو دەستەواژانەی، کە خاوەنی ڕیتمو مۆسیقاو هێزی وێنەیین.
2. بەکارهێنانی دەستەواژەی خاوەن سروشتی ڕێزمانیی دیاریکراو لەڕووی بونیادو چاوگەوە.
3. ڕووخساری بنەڕەتیی زمانی شیعر لە وێنە شیعرییەکانیدا بەرجەستەدەبن.
4. پێکهاتەی زمانی شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس، ئامرازن بۆ پێشکەشکردنی کۆمەڵێك مەبەستو واتا .
5. لە بەکارهێنانی وشەو دەستەواژەو ڕستەکاندا، ڕەچاوی (وردەکاریو ئاماژەو خۆشەویستیی وشەو شیعرییەت) کراوە.
6. لە ئاستی ڕستەو پێکهاتەکاندا، ڕەچاوی پێوەرو یاسا ڕێزمانییەکانو توانستی نووسینو ڕوونیو بەهێزیو گونجاندنی دەستەواژەو واتا کراوە[lxii].

گشتاندنی ئەو تایبەتمەندییانە بەسەر زمانی شیعریی شێرکۆ بێکەسدا، تووشی هەڵەی زانستیمان دەکاتو هەموو ئەو ڕەهەندی یاخیبوونەی شاعیر پێی ناسراوە، چ لە بواری زمانی شیعرو پەیامی شیعردا دەخاتە ژێر پرسیارەوە. بەتایبەت لە دیوانی (ئێستا کچێك نیشتمانمە)دا، چونکە سەرلەبەری ئەم دیوانە کارکردنە لەسەر ڕەتکردنەوەی دۆخی باو وەك بنەمای سەرەکیی یاخیبوون. ئەمەش پێش ئەوەی لە شیعردا ڕەنگبداتەوە، لە دەروونی شاعیردا دەردەکەوێت، واتە کردەیەکی سایکۆلۆژییەو دواتر لەڕێی زمانێکی تایبەتی شیعرییەوە دەگۆڕێت بۆ کردەیەکی یاخیگەرانە لەڕێی دەقەوە .

باری دەروونیی شاعیر ← زمانێکی شیعریی تایبەت لەڕووی (دەنگو وشەو ڕستەو واتا)وە ← کردەیەکی یاخیانە لە دەقی شیعریدا

شێرکۆ بێکەس وەك شاعیرێکی یاخی دەردەکەوێت، بۆ ئەمەش زۆر کاری لەسەر ئەو زمانە کردووە، کە دەتوانێت وەك خۆی پەیامەکەی بگەیەنێتو هەموو ئەو کارەش، کە شاعیر ئەنجامیداوە، لەپێناو مەبەستە جێگیرەکەی خۆیدایە، کە یاخیبوونە، وەك ئیبراهیم سامەرائی دەڵێت: "ئاڵۆزی لادانێکی مەبەستدارە لە زمانو چەمكو بیروڕاو بەرەو خاڵێکی جێگیری دەبات، یاخود ئەدۆنیس دەڵێت: زمانی شیعر، زمانێکی ئایدیالیو ئیحابەخشە، نەك ڕوونیو ئاشکرایی"[lxiii].

شێرکۆ بێکەس لەم دیوانەدا زۆر بەرەو ئاڵۆزی نەڕۆیشتووە، چونکە ئەو لێرەدا ئەوەندەی گەیاندنی پەیامەکەی مەبەستە، لایەنەکانی تری دەقەکەی مەبەست نییە، هەرچەندە ئەو توانیویەتی هەموو ڕەهەندو ئاستەکانی دەقەکەی بە بەرزی ڕابگرێت، بەجۆرێك ئەو لادانانەی ئەنجامیداون، هەر لەم پێناوەدایە. "کۆهین دەڵێت: شیعرییەت بە بێ لادان کارێکی لاسەنگە، بەوپێیەی

شیعرییەت پشت بە لادانە زمانیو دەربڕینە زمانییەکان دەبەستێت. لە هەمان کاتیشدا شیعرییەت خۆی لە زمانو دەربڕینە ئاڵۆزو تەمومژاوییەکاندا دەبینێتەوە، کە لادان فاکتەرێکی هەرە سەرەکیی ئەم پرۆسەیەیە. هەروەها لادان بە کاری گواستنەوەی بونیادە سادەکان بۆ بونیادە قووڵەکان هەڵدەستێت"[lxiv].

پێشتریش باسمان لە هەردوو جۆری لادانی دەرەکیو لۆژیکی لە زماندا کردووە، کە بە ڕای زاهیر لەتیفـو نیان نەوشیروان مەستی، ئەم دوو جۆر لادانە زۆر بەڕوونی لە دیوانی ئێستا کچێك نیشتمانمەدا بوونیان هەیە. لە لادانی دەرەکیدا باس لە لادانی دەنگی دەکەن، پێشیان وایە، یەکێکە لە خاسیەتەکانی لادان، بۆ ئەمەش پشت بە بۆچوونی ڕەخنەگری شێوازگەریی نەمساوی، سبیتزر (1887_1960) دەبەستن، کە دەڵێت: هەر لادانێکی زمانی لە زمانی سروشتی، دەربڕینێکی هاوتەرییە بە جوڵە سایکۆلۆژییە لادانییەکانەوە، بەوپێیەی دەربڕینی زمانی، ڕەنگدانەوەی حاڵەتێکی سایکۆلۆژیی دیاریکراوە، بۆ ئەمەش لەدیوانی ئێستا کچێك نیشتمانمەدا ئەم نموونانە دێنێتەوە:

به دزی ئازادییەوە

به دزی ڕەنگی سپییەوە

به دزی درەختەکانەوە

به دزی چاوی بارانەوە

چەند شیعریان کوشتوە

چەند چیرۆکیان سەربڕیوە

چەند شانۆنامەیان سەربڕیوە

چەند خەونیان زیندە بەچاڵ کردووە[lxv]

هەرچی سەبارەت بە لادانی لۆژیکییە لەو دیوانەدا، توێژەران زاهیر لەتیفـو نیان نەوشیروان، بەکارهێنانی هەندێك وشەی نوێ لەم دیوانەدا وەك (زیگار، تامار، هاقڵ، سلسار، سارڤار، ....) بەلادانو جێگۆڕکێی وشەکانو هاتنی وشەی نوێ دادەنێن.

لەناو مندا

بێزاری چڕ بووەتەوە

خۆم ئەبینم بێشەڵانمو

دەراڵینکی ناو (زماك)مو

تاڵی هەتاو ناگاتە لام[lxvi]

بۆچوونەکانی هەردوو توێژەر لەسەر لادانە زمانییەکان لە دیوانی (ئێستا کچێك نیشتمانمە)دا شایانی لەسەر وەستانە، بەتایبەت لەڕووی پراکتیکییەوە، نموونە شیعرییەکان ئەوەندەی جەختکردنەوەن لەسەر دەوڵەمەندیی گەنجینەی وشەکان لای شاعیر، ئەوەندە دەرخەری لادانە زمانییەکان نین، نموونەی پێشووش، ئەوەندەی جەختکردنەوەیە لەسەر پیشاندانی دیوە دزێوەکانی ناو دەسەڵاتی خۆماڵیی کوردی، لادانی زمانیی زۆر تێدا بەدیناکرێت، بەڵکو دەکرێت وەکو جەختکردنەوە لەپێناوی دروستکردنی کاریگەریی پەیامەکەی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. چەندبارەکردنەوەی وشەکانی (بەدزی، چەند) وەك لادان دانانرێت، بەڵکو دەکرێت وەك یارمەتیدەرێك بۆ جەختکردنەوەیەکی قووڵ لەسەر دەربڕینی بێزاریو ناڕەزایەتی دابنرێن. ئەمە بەو واتایە نایەت شاعیر بەتەواوەتی بە تێکڕای سیستەمی زمانییەوە پابەندبووبێت، چونکە لە ئەم دیوانەدا دەتوانین لادانەکان

دیارییکەینو هەموو ئەو لادانانەش لە پێناوی خزمەتکردنی مەبەستی سەرەکیی شاعیرە لەم دیوانەدا. بۆ نموونە لەم پارچە شیعرەی خوارەوەدا، کۆمەڵێك ئەرك بە وشەكانی وەك (چیا، شار، جادە، قەڵەم، وشە، کۆڵان) بەخشراوە، کە لە بنەڕەتدا ئەرکی ئەوان نییەو شاعیر لەپێدانی ئەو ئەرکانەدا لادانی ئەنجامداوە.

هەموو ڕۆژێك ئەمانبینی

تۆڵە لە دۆزەخی ئەودا

گەورەو گەورەو گەورە ئەبوو

چیا چیای ئەخەسانو

(وەلێ ئەوەی نەخەسێنرا

ئەسپی دیرۆکی تۆڵە بوو)

ئەم شار ئەو شاری ڕاوئەنا

(بەڵام ئەوەی قەت ڕاونەنرا

کۆشکو تەلارو غەزنە بوو)

جادە جادەی کوت ئەکردو

(بەڵام ئەوەی قەت کوت نەکرا

دیلیی خۆی بوو)

قەڵەم قەڵەمی ئەفڕانو

(وەلێ ئەوەی قەت نەفڕێنرا

فەرمانەکانی مردن بوو؟)

وشە وشەی ئەخنکانو

(بەڵام ئەوەی نەخنکێنرا

سێدارە بوو)

کۆڵان کۆڵانی سەرئەبڕیو

(بەڵام ئەوەی سەرنەبڕرا

شمشێر خۆی بوو)[lxvii]

لە تێکڕای ئەم دیوانە شیعرییەدا دەتوانین دەیان نموونەی لەو جۆرە بهێنینەوە، کە شاعیر لەپێناوی باشتر گەیاندنی مەبەستەکەی خۆیدا، ئەرکی نوێو جیاوازی بە وشەکان بەخشیوە، ئەمەش بووەتە هۆی دروستکردنی کاریگەریی زۆر لەسەر ناخو دەروونی خوێنەرەکانی. شاعیر باش لەوە تێگەیشتووە، دەربڕینی ناڕەزایەتیو یاخیبوون لە زەمەنی نووسینی ئەم دیوانەدا بووەتە پرسێکی گشتیو دەبێت هەموو ئەو وشەو زاراوانەی دەبنە هۆکاری دروستکردنی ئەو یاخیبوونە، بەکاریانبهێنێت، بۆ نموونە لەم پارچە شیعرەدا کۆمەڵێك سیفەتی ناشیرین دەداتە پاڵ مەعشوقە کۆنەکەی خۆی، کە نیشتمانە، لە بنەڕەتدا ئەم سیفەتانە دەدرێنە پاڵ مرۆڤ، نەك شتی بێگیان، بەڵام ئەم لادانە لای شاعیر لەپێناوی ئەوەدایە، پەیامی یاخیبوونی لە پیاوە گرژو مۆنەکانی دەسەڵات زۆر کاریگەرو ڕوون بگات.

ئەم نیشتیمانە پیرە ئەوەتەی هەیە
ددانی بە یەك گوناهی خۆیدا نەناوە
قەت نەیوتووە
یەك جۆگەی لێڵم هەبووە یان ئاوێنەیەکی درۆزن
یەك گوڵی سیسم هەبووە یان بۆنێکی ناخۆش
یەك ئەسپی نەخۆشم ڕاگرتووە یان جارێ گلاوم
یاخود ئەو بەڵێنەم کوێر بوو
ئەو مێژووەم شەلو گێڕ بوو
نا...نا ئەم نیشتمانە پیرە
ڕۆژێ لە ڕۆژان نە خوارو خێچ ڕۆیشتووە
نە سەرسمێکی داوەو
نە قسەیەکی پیسو پۆخڵی کردووە!
نا، نا، نا
ئەو بەردەوام خودا بووە ! [lxviii]

**ئەنجام**

ئەنجامەکانی توێژینەوەکە، لە چەند خاڵێکدا دەخرێنەڕوو:

1. شاعیر لەم دیوانەدا بەناوی هەموانەوە دەدوێت، تەنانەت بێگیانو باڵندەو گیانلەبەرەکانیش دەهێنێتەقسە، ئەمەش وادەکات خەمو ئازارەکانی میللەتەکەی لە زاری ئەوانەوە دەرببڕێت.

2. لە پێناوی گەیاندنی پەیامی یاخیبووندا، شاعیر چەندین لادانی زمانیی لە دەقە شیعرییەکانی دیوانەکەدا ئەنجامداوە، بۆ ئەم مەبەستەش هەندێك لە کۆتوبەندە زمانییەکانی تێکشکاندووە.

3. هەر لە ناونیشانی دیوانەکەوە، شاعیر جاڕی یاخیبوون لە نیشتمان دەدات، لەو ڕوانگەیەشەوە وشەکانی ناونیشانەکەی، بە ئاشکرا هێماو واتای تووڕەیی شاعیریان تێدایە.

4. هەبوونی لادانی زمانی، مەرجی بەرهەمهێنانی هەر دەقێکی شیعرییە، تەنها ئەوەی زمانی شیعریی یاخیبوون لە زمانی شیعریی دەقەکانی دیکە جیادەکاتەوە، بوونی ئەو وشانەن، کە لەڕووی واتاوە هەڵگری بیرو پەیامی یاخیبوونن. لەمەوە، داهێنانی چەندین وشەی نوێ بە مەبەستی چنینی وێنە شیعرییەکانی ئەم دیوانە لەئارادان، کە زۆرێکیان لە بەرهەمەکانی پێشتری شاعیردا نین، بەڵکو داڕشتنو بەکارهێنانیان لەم دیوانەدا بۆ ئەوەیە، خەمی شاعیرو یاخیبوونی لە نیشتمان، لە پلەیەکی باڵادا بگەیەنن‌و بەرجەستەبکەن.

5. لەم دیوانەشدا هاوشێوەی دیوانەکانی تر، شاعیر پەیڕەوی ڕێنووسێکی دیاریکراو دەکات، کە زمانی نووسینی شیعرەکانی پێ ناسراوە.

لتنظيم عملية تخزين الكلمات على شكل الشبكات الدلالية التراتبية المتعلقة بالعملية الادراك والمعرفة لدى المتكلم والمتلقي.

---

[i] ئەنوەر قادر محەمەد، كۆرسی دكتۆرا، زانكۆی سلێمانی، 2016/1/17

[ii] هاوژین سلێوە عیسا، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێركۆ بێكەسدا، (2009: 43)

[iii] سەرچاوەی پێشوو

[iv] ئەنوەر قادر محەمەد، كۆرسی دكتۆرا، 2016/1/24

[v] زاهیر لەتیف كەریمو نیان نەوشیروان مەستی، فرە خوێندنەوەیی لە دەقی ئێستا كچێك نیشتمانمە، (2017: 108)

[vi] احمد محمد المعتوق، اللغة العليا (دراسة نقدية في لغة الشعر)، (2006: 91_92)

[vii] سەرچاوەی پێشوو، 94

[viii] زاهیر لەتیف كەریمو نیان نەوشیروان مەستی، فرە خوێندنەوەیی لە دەقی ئێستا كچێك نیشتمانمە، (2017: 98_99)

[ix] سعيد حسن الجدي، علم اللغة النص (المفاهيم و الاتجاهات)، قاهرة (2004: 34)

[x] عەبدوڵڵا ئاگرین، چەپكێ خوێندنەوە بۆ چەند بابەتێكی ئەدەبی، هەولێر (2013: 79)

[xi] ژان كۆهین، كێشەی شیعر، و: علی بەرزنجیو ئازاد عبدالواحید، گۆڤاری گزنگ، ژمارە (44)، كانوونی دووەمی (2007: 13)

[xii] مصطفي غلفان، في اللسانيات العامة (تأريخها، طبيعتها، موضوعها، مفاهيمها)، ليبيا، (2010: 34)

[xiii] احمد محمد المعتوق، اللغة العليا (2006: 6)

[xiv] سەرچاوەی پێشوو، 194

[xv] مصطفى غلفان، في اللسانيات العامة، ليبيا، (2010: 16)

[xvi] محمد علي كندی، الرمز و القناع في الشعر العربي الحديث، (2003: 357)

[xvii] سەرچاوەی پێشوو، 35

[xviii] ئەرسەلان بایز، سیمای شیعری كوردی دوای ڕاپەڕین 1992_2002، (2002: 133)

[xix] ناظم عودة، جماليات الصورة من الميثولوجيا الى الحداثة (2013: 36)

[xx] أحسان عباس، فن الشعر، ضاثي دووةم (2011: 153)

[xxi] ناڵە حەسەن، شێركۆ بێكەسو زمانی شیعر، گۆڤاری گەلاوێژی نوێ، (2004: 57)

[xxii] شێركۆ بێكەس، دیوانی شێركۆ بێكەس، بەرگی (6)، (2009: 584)

[xxiii] شێركۆ بێكەس، ئێستا كچێك نیشتمانمە (2011: 328)

[xxiv] احمد محمد المعتوق، اللغة العليا (دراسات نقدية في لغة الشعر) (2006: 142)

[xxv] لوقمان ڕەئوف، شوناسی شیعریی شێركۆ بێكەس (2017: 54)

[xxvi] سەرچاوەی پێشوو، 57_58

[xxvii] شێركۆ بێكەس، ئێستا كچێك نیشتمانمە (2011: 5)

[xxviii] سەرچاوەی پێشوو، 8_9

[xxix] سەرچاوەی پێشوو، 9_10

[xxx] سەرچاوەی پێشوو، 262

[xxxi] بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو

[xxxii] سەرچاوەی پێشوو، 58_59

[xxxiii] لوقمان ڕەئوف، بنەماکانی مۆدێرنە لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا (2009: 57)

[xxxiv] شێرکۆ بێکەس، ئێستا کچێك نیشتمانمە (2011: 33)

[xxxv] سەرچاوەی پێشوو، ١٩

[xxxvi] سەرچاوەی پێشوو، 31

[xxxvii] سەرچاوەی پێشوو، ٣٦

[xxxviii] سەرچاوەی پێشوو، ٤١

[xxxix] سەرچاوەی پێشوو، ٤٢

[xl] سەرچاوەی پێشوو، ٥٢

[xli] سەرچاوەی پێشوو، ٦٣

[xlii] سەرچاوەی پێشوو، ٦٧

[xliii] سەرچاوەی پێشوو، ٧٤_٧٥

[xliv] سەرچاوەی پێشوو، ٧٩

[xlv] سەرچاوەی پێشوو، ٨٠

[xlvi] سەرچاوەی پێشوو، ٨٢

[xlvii] سەرچاوەی پێشوو، ١٢٦

[xlviii] سەرچاوەی پێشوو، ١٥٣

[xlix] سەرچاوەی پێشوو، ١٨٩

[l] احمد محمد المعتوق، اللغة العليا (دراسات نقدية في لغة الشعر)، (2006: 26)

[li] لوقمان ڕەئوف، بنەماکانی مۆدێرنە لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا (2009: 55)

[lii] شێرکۆ بێکەس، ئێستا کچێك نیشتمانمە (2011: 15)

[liii] سەرچاوەی پێشوو، ٢٩

[liv] سەرچاوەی پێشوو، ٥٨

[lv] سەرچاوەی پێشوو، ٧٠

[lvi] سەرچاوەی پێشوو، ٩٥

[lvii] سەرچاوەی پێشوو، ١٧٤

[lviii] سەرچاوەی پێشوو، ١٧٦

[lix] سەرچاوەی پێشوو، ١٧٧

[lx] سەرچاوەی پێشوو، ٢٨٢

[lxi] بەختیار عەلی، نەرسیسی کوژراو (2017: 124)

[lxii] لوقمان ڕەئوف، بنەماکانی مۆدێرنە لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا (2009: 64_66)

[lxiii] سەرچاوەی پێشوو، 54_56

[lxiv] زاهیر لەتیفو نیان نەوشیروان، فرە خوێندنەوەیی لە دەقی ئێستا کچێك نیشتمانمە، (2017: 108_109)

[lxv] سەرچاوەی پێشوو، 110_111

[lxvi] سەرچاوەی پێشوو، 114_115

[lxvii] شێرکۆ بێکەس، ئێستا کچێك نیشتمانمە (2011: 271_272)

[lxviii] سەرچاوەی پێشوو، 167_168

## REFERENCES


Abbas, E. (2011). *Art of poetry*, second edition, Dar Al-shruq for publishing and distribution, Jordan.

Agreen, A. (2013). *Reading for several literature topics*, Kurdish Academy's Publishing, Erbil.

Ali, B. (2017). *Murdered Narsis*, Cultural and Artistic center of Andesha, Sulaimaniyah, Iraq.

Al-Jadi, S. (2004). *Science of prose language*. Cairo.

Al-Kandi, M. (2003), *Symbols in new Arabic Poetry*, first edition, Beirut, Lebanon.

Al-Maatwq, A. (2006). *The upper language (Critical study of poetic language)*, first edition, Dar Al-baiza of Arab culture center, Morocco.

Eisa, H.(2009). *Construction of Art Images in Sherko Bekas's Poetry*, first edition, Sardam for printing and publishing, Sulaimaniyah.

Ghilfan, M. (2010). *In genaral linguistics (Its history, its nature, its theme, its concepts)*,

first edition, Beirut, Lebanon.

Hassan, N. (2014). *Sherko Bekas and poetic language*, *Journal of New Galawezh*, No. (64).

Ismael, A. (2003). *Kurdish poetry property after the rebellion from 1992-2002*, Sardam for printing and publishing, Sulaimaniyah.

Karim, Z. & Masti, N. (2017). *Different dimension in Sherko Bekas's "Now a girl is my country"*, first edition, Sulaimaniyah.

Kohen, J. *Problem of poetry*, *(Barzinji, A. & Abdulwahid, A., Trans.),* journal of Gzing, No. (44). January (2007).

Kohein, J. (2008). *Construction of Poetic language*, *(*Karim, A. & Barzinji, A. Trans.), Kurdish union of writers, Kirkuk.

Mohammed, Q. (Prof.). (2016*). The lecture of literature theory*, 17/1/2016, 24/1/2016.

Rauf, L. (2009). *Modern disciplines in Sherko Bekas's Poetry*, first edition Sardam for printing and publishing, Sulaimaniyah.

Rauf, L. (2017). *Identity of Sherko Bekas's Poetry*, Karo Press, Sulaimaniyah.

Sherko Bekas. (2009). Poetry volume, Sweden.

Sherko Bekas. (2011). *Now a girl is my country*. Sulaimaniyah, volume six, Sardam for printing and publishing.